مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد 2. العدد 4 .كانون الاول 2016: ص ص 318-342
DOI: juhd.20160203.32, e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

# ئەبولقاسمی لاهوتی
# ڕەوتی سیاسی و پەیوەندی بە جوڵانەوەی سمكۆی شكاكەوە

م.ی. **هەردی مەهدی میکە**
**كۆلێجی یاسا و ڕامیاری / زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی**
**خوێندكاری دكتۆرا گروه تاریخ/ دانشگاه تهران**

## پوختــــه :

ئەبولقاسمی لاهوتی، كوردێكی كرماشانیه، لە ئەدیبە ڕچەشكێنەكانی ئەدەبی هاوچەرخی ئێران و سیاسەتمەدارێكی كاریگەری ناو ڕوداوەكانی ساڵانی ١٩٠٥–١٩٢٢.ز ئێران و ناوچە كوردنشینەكانە. شاعیرێكی یاخی و پێشەنگ و یەكەمیەكانی شیعری هاوچەرخی ئێرانە، لە یەكەمین سیاسیە كردەییەكانە كە بە كودەتایەك بەرەنگاری كودەتاكەی ڕەزاخان (ڕەزاشای دواتر) و سەید زیائوددین بوویەوە و باوەڕی وابوو هاتنە سەركاری ڕەزاخان مەترسیدارە و پێچەوانەی بزوتنەوەی ریفۆرمخوازیە و سەرەتای چەسپاندنی ئیستیبدادە لە ئێران، هەرواش بوو چونكە دواتر دەوڵەتی مەركەزی وئیستیبدادی ڕەزاشای پەهلەوی لێكەوتەوە .

جیا لەمانەش لاهوتی چالاكیە سیاسی و ئەدەبیەكانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندیدار بوون بە بزاوتی سیاسی وكۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردی ئەو دەمەوە، چ وەك ئەدەب و چ وەك چالاكی سیاسی و كودەتاكەی تەورێز–ی. بە تایبەت پەیوەندی و كاریگەری و كارتێكەری بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی كورد و شۆڕشەكەی سمكۆی شكاكەوە هەبووە.

زیاتر لەوەش بە هۆی ئەوەی نیوەی ڕێكی تەمەنی لە یەكێتی سۆڤیەت بەسەربرد، هەر لەوێوە بیروراكانی لاهوتی كاریگەری دیاریان لەسەر ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕوسی لەبارەی كوردەوە جێهێشت، لێرەدا هەوڵدراوە لەڕێی توێژینەوەیەكی لاهوتی، سەرنج و ڕوانینەكانی لەسەر كورد ڕون بكرێتەوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە خستەڕو و شیكاری ئەو خاڵانەی سەرەوە سەرچاوە دەگرێت و زیاتر لەوەش كەسایەتی و سیاسەت و كاریگەریەكانی لە ناوەندە ئەكادیمیەكانی كوردستاندا نەبووەتە جێگەی لێتوێژینەوە و مشتومڕ. لە ناوەندە ئەكادیمیەكانی ئێرانیشدا زیاتر وەك ئەدیبێكی ئێرانی و فارسینووس بووەتە بابەتی توێژینەوەكان.

بۆ سەرچاوەكانی توێژینەوەكە سود لە یاداشتە هاوچەرخەكانی ئێرانیەكان وەرگیراوە (كە لە ڕوی كات و شوێنەوە هاوژیان وهاوشوێنی لاهوتی بوون)، هەروەها پشت بە چەند بەڵگەنامەیە ئەرشیفی كتێبخانەی پەرلەمانی ئێران و چەندین سەرچاوەی دیكەی پەیوەست بە ژیانی ئەبولقاسمی لاهوتی بەستراوە، كە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شاهێدی ڕوداو و چالاكیەكانی ئەو بوون .

**دەسپێك**

ئەگەرچی میرزا ئەبولقاسمی لاهوتی (لاهوتی خان) یەکێکە لەو کەسانەی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا وەك مەشروتەخواز، شاعیر و وەك سیاسیەکیش رۆڵی کاریگەری لە کرماشان و ئازەربایجان و ناوچە کوردنشینەکاندا گێڕاوە، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، راستە ئەو وەك ئێرانیەك و بۆ "ئێرانێکی ئازاد" و دژە دکتاتۆریەتی قاجار و پەهلەوی، پاشانیش وەك چەپێك "بۆ چەوساوەکان" سیاسەت و خەباتی کرد، بەڵام خۆ ئازادیخواز و ئەدیبێك بوو کە مێژووی گەلانی ناوچەکە لێی بێمنەت نین و نابن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گرنگیەکی ئەوتۆ بەم کەسایەتیە سیاسی–ئەدەبییە نەدراوە، لە ناو ڕوانینەکان و نوسراوەکان سەبارەت بە لاهوتی کە زیاتر لە ئێراندا بایەخی پێدراوە، سێ جۆرن نوسینن: دیدی چەپەکان کە وەك ئەفسانەیەك و ئازادیخوازێك لێیدەروانن، دیدێکیتر بریتیە لە دیدی پان ئێرانیست و دژە چەپەکان کە وەك هەڵگەڕاوە و یاخیەك ودەسەڵاتخوازێکی شکستخواردوو لەقەڵەمی دەدەن، جۆرێکی تریش ئەوەیە کە بە تەواوی رەهەندی سیاسی لاهوتی فەرامۆشکردووە و تەنها وەك ئەدیبێك و شاعیرێکی رچەشکێنی ئێرانی ناودەبەن و شیدەکەنەوە. ئەم توێژینەوەیە کردنەوەی گۆشەیەکیترە کە گرنگی بە چالاکی سیاسی و خەباتی لاهوتی دەدات وەك کوردێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگەی کوردی دەیخاتەڕو ئەمەش نەك وەك ناسیۆنالیستێك بەڵکو وەك مرۆڤێك، ئەگەرچی دیدی رەخنەگرانەشی هەیە، بەڵام نوسراوی لەسەر کورد وشیعری بە کوردی و بەشداری سیاسی و کاریگەری لە روداوە سیاسیەکانی پەیوەست بە مێژووی کوردی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە هەیە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە چۆنێتی و هۆکاری گرنگی پێدان و پێنەدانی شیکردنەوە و رەنگدانەوەی چالاکیەکانی ئەبولقاسمی لاهوتی لە نوسراوە کوردیەکاندا دەکاتە بابەتی تاوتوێ.

بە تێروانینی توێژەر رەنگە چەند هۆکارێکی سەرەکی لە پشت پەراوێزخستنی رۆڵیەوە هەبێت کە بریتین لە: چەپبوون و ئینتما ئایدۆلۆژیە توندئاژۆکەی بۆ سۆڤیەت و سۆسیالیزم. دووەم کوردبوونیەتی کەئەمەش بۆ ناوەندە ئێرانیەکان کەمێك بە فەرامۆشکراوی دەیهێڵێتەوە. سێیەمیش بۆ ناوەندە کوردیەکان رەنگە بەشێکی بێئاگایی بێت و بەشێکیشی هۆکاری ئایدۆلۆژی وسیاسی بێت .

## کێشە و گرنگی توێژینەوە

ئەبولقاسم لاهوتی کێیە؟ رەوتی سیاسی و چالاکیەکانی چۆن بوون و کاریگەریان چیبووە؟ هاوکات دۆزینەوەی پەیوەندی سیاسی و جەماوەری و خاڵی هاوبەشی نێوان کودەتاکەی تەورێزی لاهوتی و شۆڕشەکەی سمکۆ و هەوادارنی شێخ محەمەدی خیابانی ئازەربایجان چۆن و چیبووە؟ کاریگەری بیری لاهوتی خان لەسەر توێژەرانی دوای خۆی لە سۆڤیەت تا چ رادەیەك بووە؟ ئەمانە دەبێتە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە .

گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەدیبێکی کوردی "فارسینووس" و سیاسیەکی روداوساز وپەیوەست بە مێژووی پاش جەنگی یەکەمی جیهانیەوە و لە هەندێ کاتدا پەیوەند بە کوردەوە بۆ کتێبخانەی کوردی گرنگ وپێویستە. گرنگی و ئامانجێکیتری توێژینەوەکە لە خستنەڕو و شیکاری سیاسەت و کاریگەری و هەوراز و نشێوەکانی ژیانی لاهوتی–ەوە سەرچاوە دەگرێت. گرنگیەکیتری ئەوەیە کە کەسایەتی و سیاسی و کاریگەریەکانی لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی کوردستاندا نەبووەتە جێگەی لێتوێژینەوە و مشتومڕ، لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی ئێرانیشدا زیاتر وەك ئەدیبێکی ئێرانی و فارسینووس بابەتی توێژینەوەکان بووە.

پرسیاره سەرەکیەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە: کاریگەری لاهوتی لە ناوچە کوردیەکان و تەوریزدا چیبووە؟ لە سەرچاوەکاندا چۆن ئاماژەی پێدراوە؟ ئایا چ پەیوەندی و کاریگەری و کارتێکەریەك لە نێوان کودەتاکەی سمکۆ و کودەتاکەی لاهوتیدا هەبووە؟ دیدگای لاهوتی سەبارەت بە کۆمەڵگە و جوڵانەوەسیاسیەکان و ناسیۆنالیزمی کورد چیە؟ بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدراوە زۆرترین سود لە سەرچاوەی دەستی یەکی یاداشت و کتێب و مێژووی ناوچەیی هاوزەمانی روداوەکانی ئەودەمەی تەوریز و ئازەربایجان وەربگیرێت.

## گریمانەی توێژینەوە

گریمانە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەش بریتیە لە:- یەکەم: لە نێوان جوڵانەوەی سمکۆی شکاك لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و کودەتا شکستخواردوەکەی ئەبولقاسمی لاهوتی پەیوەندی کاریگەری و کارتێکەری هەیە و بەرژەوەندی و زەمینەی هەڵگەڕانەوە و هەڵە سیاسیەکانیان هاوبەش و نزیك بەیەکە، دووەم: نوسراو و سەرنجەکانی لاهوتی لەبارەی جوڵانەوەی سیاسی وکۆمەڵگەی کورددەوە هەندێجار نەرێنی بوون و کاریگەریشیان لەسەر رۆژهەڵاتناسانی سۆڤێت جێهێشتووە .

## میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفی-شیکاریەکانی ناو توێژینەوە مێژووییەکانە، میتۆدی بەکارهێنراویش میتۆدی مێژووییە کە پشت بە بەکارهێنان و پیاچونەوە و هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامە مێژووییەکان، یاداشتەکان و کتێب و بلاوکراوەکان دەبەستێت، بە تایبەت لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پشت بە یاداشت و یاداوەرینوسەکانی رۆژگاری ئەبولقاسمی لاهوتی ببەسترێت کە هاوکات و هاوشوێنی نزیك روداوەکانی پەیوەست بە لاهوتیەوە نوسراون. لەسەر بنەمای میتۆدی توێژینەوەکەو پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە، توێژەر پاش کۆکردنەوەی ماتریاڵەکانی پەیوەست بە ئەبولقاسمی لاهوتی و ژیان و پەیوەندی بە کوردەوە، لە زەمینەی کات و شوێندا شیکاری داتاکان و روداوەکان و پەیوەندیەکان کراوە و ئەنجامگیریان بۆ کراوە .

## لاهوتی لە سەرچاوە کوردیەکاندا

گرنگیدان و توێژینەوەکان لەبارەی لاهوتی-وە لە کتێبخانەی کوردیدا لە ژمارەی پەنجەکانی دەست کەمترن. لەناو زۆرینەی کتێبەکانی مێژووی هاوچەرخی کورددا زۆر بەکورتی یان هەر باسنەکراوە و بەسەریدا تێدەپەڕن.

لەو مێژوونوسانەی کە باسیانکردووە بۆ نمونە کتێبێکی عەرەبی تایبەت بە مێژووی هاوچەرخی ئێرانی مێژونوس کەمال مەزهەر لە ژێر ناوی (دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر)دا تەنها پەرەگرافێکی سەبارەت بە لاهوتی-ە لە کاتێکدا لە مێژووی هاوچەرخی سیاسەت و ئەدەبی ئێراندا رۆڵی کاریگەری بینیوە، د.کەمال یەکجار و زۆر کورت وەك کوردێك ئاماژەیەکی پێداوە. هەمانشێوە لە کتێبەکانی ناوداران (مەشاهیر) کوردیشدا ئەوانەی بەردەست بوون وەك (مشاهير الكرد و كردستان)ی ئەمین زەکی بەگ، (تاریخ مشاهیر کردی) مەردۆخی، (اعلام الكورد)ی جمال بابان، و (شاعران کرد پارسی

گوی)ی حیرەتی سەجادی–ش باسی لاهوتی نەهاتووە. بەڵام محەمەد رەسولْ هاوار لە کتێبی (سمکۆ/ئیسماعیل ئاغای شکاك) دا ئاماژەیەکی کورتی بە کودەتاکەی لاهوتی داوە لەوەش گرنگتر وەك هۆکارێکی بەسود بۆ سەرکەوتنی سمکۆی شکاك باسی کردووە، کە ئەم ئاماژە پێدانەی هاوار پشتڕاستکردنەوەیەکی گونجاو و بەهێز بوو بۆ سەلماندنی گریمانەی ئەم توێژینەوەیە.

بەڵام لەو سەرچاوە کوردیانەی کە لاهوتیان بۆ یەکەمجار وەك شاعیرێکی کورد ناساندوە، وتارێکی حەسەن قزلّجی–یە لە ساڵی ١٩٥٩ لە گۆڤاری هیوا کە یانەی سەرکەوتن لە بەغدا دەریکردووە، بە ناونیشانی "لاهوتی شاعیری بە ناوبانگی کورد" لە لاپەڕەکانی ٤٦–٥١ دا بڵاوکراوەتەوە، هەر ئەم وتارە لە کتێبی سەرجەمی بەرهەمەکانی حەسەن قزلّجی–دا جارێکی دیکە چاپکراوەتەوە. ئەگەرچی وتارێکی کورتە بەڵام بایەخدارە، چونکە لەو دۆخەدا دەرخەری ئەو راستیە بوو کە لاهوتی تەنها شاعیرێکی ئێرانی و فارسینوس نیە و بگرە کورد و کوردینوسیش بووە.

لە رۆژنامە کوردی و بڵاوکراوەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و سەردەمی حکومەتەکانی شێخ مەحمودی حەفید وحوکمرانی ئینگلیزیش (١٩١٨–١٩٢٤ز) وەك رۆژنامەکانی تێگەیشتنی راستی، رۆژی کورد، بانگی هەق، ئومێدی ئیستیقلال، بانگی کوردستان تەنها لە رۆژنامەی پێشکەوتن–ی مێجەرسۆن–دا باسکراوە (کە توێژەر لاپەڕەکانی ئەو رۆژنامانەی بۆ پشکنین وکۆکردنەوەی پێدراوەکان لەسەر لاهوتی هەڵداوەتەوە)، ئەم بڵاوکراوانە هاوسەردەمی چالاکی و هەڵکشان و داکشانە سیاسی–سەربازیەکانی ئەبولقاسمی لاهوتی–ن، بەڵام نە وەك کوردێك و نە وەك هەواڵێکیش وەك سیاسیەك باسنەکراوە و فەرامۆشکراوە، لە کاتیکدا زۆر چالاکی کۆمەڵایەتی و روداوی وردی خێڵ و چالاکی سیاسی، بازرگانی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری کوردستانی ئێرانی ئەودەمە و کەسایەتیەکان لەو رۆژنامە و بڵاوکراوانەدا خراونەتەڕوو.

بەڵام لە رۆژنامەی پێشکەوتن (١٩٢٠–١٩٢٢.ز) کە لە سلێمانی لە لایەن مێجەرسۆن حاکمی ئینگلیزەوە دەردەچوو ورەنگدانەوەی سیاسەتی ئینگلیز و ئامانجە سیاسیەکانی بەریتانیای رومالْ دەکرد، بە هەواڵێك لە بارەی کودەتاکەی تەورێزی لاهوتی دواوە کە باس لە شکست و هەڵهاتنەکەیەتی. هەواڵەکە بەمشێوەیە هاتووە :

"هەواڵی ئێران: تاران١٨ی شوبات، موخبیر ئەلسەڵتەنەی حاکمی عمومی پێشووی تەبریز لە رێگای قەفقاسەوە چوو بۆ تاران لە جێگای ئەو موسەددەق ئەلسەڵتەنە دانرا کە لەمەو پێش حاکم وڵاتی فارس بوو لە جنوبی ئێران و لە وەزارەتی پێشوودا وەزیر مالیە بوو دەڵێن پیاوێکی موقتەدیرە. دەڵێن سەفیری روسیە وەعدی دا لەسەر تەڵەبی وەزیری خارجیەی ئێران کە هەرچی لازم بێ بیکات بۆ کردنەدەرەوەی لاهوتی خان وئەتباعی لە قەفقاسیە، چونکە فیراریان کرد لە ئێران ئیلتیجایان بە ئەوێ برد." (پێشکەوتن ١٩٢٢، ل٤)

لەم هەواڵەدا دەردەکەوێت کە سیاسەتی گشتی بەریتانیا نایەوێت یەکپارچەیی ئێران لە سەردەمی پاش کودەتاکەی سەید زیائودین و رەزاخان(رەزاشای پەهلەوی دواتر) کە ناسراوە بە کودەتای سێیەمی ئیسفەند١٩٢١ز لەباربچێت و ئینگلیز لایەنگری حکومەتێکی مەرکەزی و بەهێزە تا بتوانێت حکومەتە ناوچەیی و هەڵگەڕانەوە سیاسی و عەشایەری و نەتەوەییەکانی وەك سمکۆ، لایەنگرانی خیابانی و دواتر لاهوتی لە تەوریز، شێخ خزعەل لە باشوری ئێران، لوڕەکان و بەختیاریەکان، هەڵگەڕانەوەکانی لایەنگران و پاشماوەکانی میرزا کوچەکی جەنگەلی لەناوبەرێت. ئینگلیز باوەڕی وابوو ئێرانێکی یەکپارچە بۆ سیاسەتی ئینگلیز گونجاوترە، بۆ ئەوەی دیوارێکی بەهێز لەبەردەم شەپۆلی شۆڕشی بەلشەفیەکانی

روسیادا دروست بكات. بۆیە دەردەكەوێت لە بەشی یەكەمی هەواڵەكەی پێشكەوتندا موسەدەق بە مرۆڤێكی "موقتەدیر" وەسف دەكات چونكە لە لایەنگرانی ئێرانێكی یەكپارچە و مەركەزی بوو لەو دەمەدا. هەروەها ئەوەش رونە كە زەقكردنەوەی هەواڵی لابردنی موخبیرو سەڵتەنە-ش دیسان بەهۆی ئەوەیە كە لەسەردەمی ئەودا تەوریز پەشێوی و ئالۆزی زۆری بە هۆی لایەنگرانی شێخ محەمەدی خیابانی و لاهوتیەوە تێكەوتبوو (آر.كیدی ١٣٨٧، ١٤٣)، رۆژنامەی پێشكەوتن دەیەوێت دەریبخات دەوڵەتی ناوەندی ئێران لەسەر پێی خۆی وەستاوەتەوە، لە بەشی دووەمی هەواڵەكەشدا تەواوكەری ئەم سیاسەتەی دەبینرێت، كە بریتیە لە نمایشكردنی لاهوتی وەك یاخیبوو وشكستخواردوویەك، بە جۆرێك دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت كە دەوڵەتی بەلشەفیش یاخیبووان لە خۆناگرێت و لاهوتی خان لەسەر "داوای ئێران" دەكاتە دەرەوە كە لە ئێران هەڵهاتووە و یاخیبووە، تا وەك پەیامێك بە گوێی خوێنەرانی كورد و دژە ئینگلیزی ولایەنگری بزوتنەوەی كوردایەتی، بە تایبەت شێخ مەحمود و مەحمود خانی دزڵی لە هەورامانی ئێران و سمكۆی شكاك لە ناوچەكانی ورمێ و سابڵاخی كوردستانی ئێران-دا بدات، كە هەڵگەڕانەوەكان چارەنوسیان لە چارەنوسی لاهوتی باشتر نابیت وتەنانەت روسیاش پشتیان ناگرێت. ئەگەرچی "كردنەدەرەوەی لاهوتی یان سپاردنەوەی بە ئێران" تەنها هەواڵ بوو هەرگیز نەبوویە راستی، چونكە لاهوتی تا كۆتایی ژیانی لە روسیا مایەوە. بەڵام هەواڵی شكستەكەی پێدراوێكی باش بوو بۆ مێجەرسۆن بۆ دەربڕین و تەرجەمەكردنی سیاسەتەكانی ئینگلیز لە كوردستانی عێراق .

لەناو كتێبانیشدا تەنیا كتێبێكی كوردی و تاقانە تایبەت بێت بە ژیانی ئەبولقاسمی لاهوتیەوە، كتێبەكەی ئەنوەر سولتانی-یە كە نیوەی لە لێكۆڵینەوەیەكی خۆی و وتارێكی پێكهاتووە و نیوەكەی دواییشی وەرگێڕانی ژیننامە و لێكۆڵینەوەیەكی لاهوتیە بە پێنوسی خۆی و چەند وتار و نوسینێكی دیكەن كە لەلایەن نوسەرانی فارس و كوردەوە لەسەری نوسراون. لە راستیدا كتێبەكەی سولتانی جیا لە لێكۆڵینەوەكەی خۆی، كۆكراوەی زۆرێكی ئەو بەرهەم و نوسینانەیە كە لەبارەی لاهوتیەوە نوسراون. بە واتایەكیتر چەند وتار و لێكۆڵینەوەیەكە لە ناو كتێبێكدا.

كتێبەكە بە ناونیشانی (لاهوتی كرماشانی/ شاعیری شۆڕشگێڕی كورد) و ٣٠١لاپەڕەی (١٤.٥*٢٠.٥سم)ە و لە ساڵی ٢٠٠٦.ز لە لایەن بنكەی ژینەوە لە سلێمانی چاپكراوە، ، كتێبێكی پڕبایەخە، كەمێك لەو بێبایەخیەی نوسەرانی كوردی سەبارەت بە لاهوتی كاڵكردۆتەوە، كتێبەكە لە چوار بەشی سەرەكی پێكهاتووە: بەشی یەكەم لەبارەی ژیانی لاهوتی، بەشی دووەم: تایبەتە بە شیعرەكان و شاعیریێتی و پۆلێنبەندی شیعرەكانی و كاریگەری لەسەر شاعیرانی كورد. بەشی سێیەم: تەرخانكراوە بۆ كارە ئەدەبی وهونەریەكانی دیكەی، وەك شیعرەكانی كە كراونەتە گۆرانی وئۆپێرای كاوەی ئاسنگەر، لە دوا وێستگەی ئەم بەشەشدا كرۆنۆلۆژیای شوێنی ژیانی لاهوتیە بە گوێرەی مێژووی شیعرەكانی. بەشی چوارەم پاشكۆیە، وتارێكی لاهوتیە بە ناونیشانی (سەبارەت بە خۆم) ئەنوەر سولتانی خۆی لە فارسیەوە بۆ كوردی وەریگێڕاوە، گرنگترین لێكۆڵینەوە و تەنیا لێكۆڵینەوەیەتی لەسەر كورد بە ناونیشانی (كورد و كوردستان) كە د.جەبار قادر وەریگێڕاوە، ئەم لێكۆڵینەوە بە شێوەی كتێبیش بە جیا بڵاوكراوەتەوە (دواتر زیاتر لەبارەیەوە دەخرێتەڕو)، هەر لە بەشی چوارەمدا چەند شیعرێكی كوردیی رەخنەگرانەی لاهوتیش خراونەتەڕو، جیا لەوەش وتارێكی سەعیدی نەفیسی مێژوونوسی ئێرانی سەردەمی رەزا شای پەهلەوی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی. لە كۆتایی ئەم بەشەشدا دو وتاری مونیبور رەحمان

و حەسەن قزڵجی لەسەر لاهوتی و شیعرێکی وەرگێڕدراوی لاهوتیە لەلایەن عەبدوڕەحمان زەبیحی-ەوە لە کۆتایی کتێبەکەدا نمایشکراون.

گرنگی ئەم کتێبە جیا ژیانی لاهوتی، جەختی زیاتری لە لایەنی ئەدەبی و شیعریی کردۆتەوە و کاریگەریەکانی لە گۆڕەپانی شیعری ئێرانی و کوردیدا خستۆتەڕوو.

## لاهوتی لەسەرچاوە فارسییەکاندا

لە ناو کتێبە فارسییەکاندا چڕترین توێژینەوەی مێژوویی لەبارەی لاهوتیەوە کرابێت، کتێبەکەی مێژوونوس کاوە بەیات-ە بە ناونیشانی (کودتای لاهوتی/ تبریز، بهمن١٣٠٠) لە خانەی بڵاوکردنەوەی (شیرازە) ساڵی ١٣٧٦.ش لە ١٤٤ لاپەڕەدا لە تاران چاپکراوە. لە سێ بەش و پاشکۆیەك پێکهاتووە، بەشی یەکەمی لەبارەی دۆسێی ژاندارم بوون و تۆمەتبارکردن و هەڵهاتنی لاهوتی-یە لە شاری قوم، بەشی دووەم لەبارەی هەڵهاتن و جموجوڵی سیاسییەتی لە تەورێز و کودەتا و حکومەتە کورتماوەکەی دژی رەزاخان و سید زیائەدین. بەشی سێیەمیش تەرخانە بۆ دوا هەڵهاتنی لاهوتی لە ئێران و بە دواداچونی هۆکاری یاخیبون وچارەنوسییەتی.

گرنگی کتێبەکەی کاوە بەیات (بە پێچەوانەی نوسەرە ئێرانیەکانی دیکەوە کە زیاتر وەك ئەدیبێك لاهوتیان ناساندوە) لەوەدایە جەختی زیاتری لەسەر چالاکی سیاسی لاهوتی و بە تایبەت لەسەر چالاکیەکانی تەورێز و کودەتاکەی کردۆتەوە، کە تارادەیەکی زۆر لە مێژونووسیی هاوچەرخی ئێراندا کاریگەریەکەی فەرامۆشکراوە. کاوە بەیات وەك ئیرانیەکی یاخی لاهوتی نمایش دەکات، بەڵام وەك کوردێك چالاکیەکانی ناو هۆزە کوردیەکان و بەشداری سیاسی و ئەدەبی لە گەڵ روناکبیرانی کورد لە ئەستەمبوڵ وپەیوەندیەکانی لەگەڵ جموجوڵەکانی کوردستانی موکریاندا فەرامۆشکردووە. رەنگە بەشێکی لەبەر کەمی سەرچاوە بێت لەوبارەیەوە و بەشێکیشی ئەو شێوە باوەی مێژونووسانی ئێران بێت کە کورد بە نەتەوە نازانن و زیاتر وەك ئێرانیەك پێدراو و روداو و کەسایەتیە کوردەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردانی ئێران دەخەنەڕوو .

## یاداشتەکان و نوسراوە هاوسەردەمەکانی لاهوتی

لەناو ئەو یاداشتانەی کە رومالی هەندێ گۆشەی نادیاری ژیانی لاهوتی و چالاکیەکانی دەکەن، گرنگی تایبەتیان هەیە، هەریەك لە نوسەری ئەو یاداشت و نوسراو و مێژووە ناوچەییانە بە جۆرێك یان لەگەڵ لاهوتیدا ژیاون یان هاسەردەم و هاوشاری چالاکی سیاسی و ئەدەبی لاهوتی بوون، (کە ئەم توێژینەوەیە پشتی پێبەستوون و لێرەدا بە پێی کرۆنۆلۆژیای نزیکی نوسەرەکانیان لە روداوەکان و قۆناغەکانی ژیان لاهوتی و ناوچەکەوە ریزکراون):-

١ .ملك الشعرا بهار، تاريخ مختصر احزاب سياسي ايران، ١٣٩٢، تهران.

محەمەد تەقی بەهار (مەلیکوشوعەرای بەهار)(١٢٦٣-١٣٣٠.هەتاوی)، سیاسی و مێژوونوس و رۆژنامەنوسی هاوسەردەمی کۆتایی حکومەتی قاجار، پەهلەوی یەکەم و نزیك بە دەساڵێك لە دەورانی پەهلەوی دووەمیش بووە. ئەو لە دەرباری موزەفەرەدین شای قاجارەوە تا سەردەمی محەمەد رەزا شای پەهلەوی تا ڕادەیەك شایەدحاڵی زۆرینەی روداوە سیاسی وسەربازیەکانی ئێرانی نێوان دوو جەنگی جیهانی و چەندساڵێك پاشتریشە. شەش خول ئەندامی پەرلەمانی ئێران بووە، لە هاوبیرانی مەشروتە (بزوتنەوەی چاکسازی ئێران) بووە. ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگە لەسەر مێژووی حزب و

ڕێکخراوە سیاسیە هاوچەرخەکانی نوسەر و گێڕەوەی ڕوداوگەلێکی سیاسی و سەربازی هەستیاری ئەو قۆناغەیە، لە ناویشیاندا ئەو ڕوداوانەی کە تەوەری سەرەکی ئەم توێژینەوەیەن. بەهار کاتێك قەیرانە سیاسیەکانی ئازەربایجان و کوردستان لە گەرمەیدا بوو، ڕێك لە ئانوساتی دژوەستانەوەی سمکۆی شکاکی پاش جەنگ و کودەتاکەی شێخی خیابانی و کودەتاکەی لاهوتیشدا ئەو جیا لەوەی پەرلەمانتار بووە، سیاسیەکی دیار و کاریگەریش بوو، لە تارانەوە و نزیك لە ناوەندی بڕیار و پەرلەمانەوە خاوەنی قسە و دیدی خۆی بوو لەسەر ڕوداوەکانی ئازەربایجان و کوردستان، بۆیە کتێبی مێژووی حزبە ئێرانیەکان هەڵگری تایبەتمەندیە لە نزیکی و گێڕانەوەی بەشێکی دیکەی مێژووی سیاسی ئێران کە لەسەرچاوەکانی دیکەدا کەمتر دەستدەکەون .

٢ .علی اکبر سنجابی، ایل سنجابی و مجاهدت ملی، تحریر و تحشیه: کریم سنجابی، ١٣٨٠، تهران.

یەکێك لەسەرچاوە بایەخدارەکانی دیکە یاداشتەکانی سەنجابی-یە کە خۆی کوردێکی وەفادار بە ئێران و پشتیوانی حکومەتەکانی بووە، یاداشتەکانی سەنجابی ڕوداوەکانی سەردەمی کۆتایی قاجار و ئاشوبەکانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی وناوچەکانی کوردستان وئازەربایجان و کرماشان لە خۆدەگرێت، گرنگی ئەم کتێبە بۆ ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە قۆناغێکی ژیانی لاهوتی ڕوندەکاتەوە، کاتێك لاهوتی لە حکومەتی ئێران هەڵدێت دەچێتە ناو ئەم هۆزی سەنجابی و لەگەڵ نوسەری یاداشتەکان کە سەرۆك هۆزیشە پەیوەندیەکی پتەو دەبەستێت و هەر ئەوانیش پەنای دەدەن، بە پێی یاداشتەکانی سەنجابی لەو کاتەدا لاهوتی دەست دەکات بە چەندین چالاکی سیاسی و ئالوگۆری دید و پەیوەندی بەستن لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانی کرماشان و سنە و ناوچەکانی دیکە، لە یاداشتەکاندا هاتووە لەماوەیەدا لاهوتی سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەگەریش دەبێت. ئەم یاداشتانەی سەنجابی خاوەنی گرنگی تایبەتن و گۆشەیەکی ونبووی ژیانی لاهوتیان تۆمارکردووە کە لە سەرچاوەکانی دیکەدا نابینرێت .

٣ .محمد تمدن، اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیه، ١٣٥٠، ارومیه.

ئەم کتێبە گەرچی نوسەرەکەی بە لایەنگریەکی زۆر و دەمارگیرانە دێتەپێشچاو، بەڵام زانیاری وردی لەبارەی ڕوداوەکانی سەردەمی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی تێدایە، کتێبەکە زیاتر وەك یاداشتی نوسەر و تۆماری ڕوداوەکانی ئەو سەردەمە دەنوێنێت. نوسەر خۆی شاهێدحاڵی ڕوداوگەلێکی تەورێز و کوردستانی موکریانە، لەو کاتەدا ڕۆژنامە و چاپخانەیەکی لە ورمێ دامەزراندوە، گرنگی ئەم یاداشتانەی تەمەدون لەوەدایە هاوسەردەمی ڕوداوەکانە و لەو ناوچانەدا ژیاوە کە کێشمەکێشە سیاسی وسەربازییەکانی سەردەمی کودەتاکەی لاهوتی و جوڵانەوەکەی سمکۆ لە خۆدەگرن. هاوچەرخی سمکۆی شکاك و لاهوتی و خیابانی و زۆرێکیتر لە ڕوداوسازەکانی ئەو سەردەمەیە. لە کاتی جوڵانەوەکەیدا، سمکۆ دەستدەگرێت بەسەر چاپخانەکەی تەمەدون و هەر بەو چاپخانەیە ڕۆژنامەی "ڕۆژی کورد" دەردەکات، کە محەمەد تەمەدون لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا بە وردی چۆنێتی ڕوداوەکەی گێڕاوەتەوە (تمدن ١٣٥٠ش، ٣٦٩)

٤ .مخبر السلطنه (مهدی قلی هدایت)، خاطرات و خطرات، ١٣٨٥، تهران.

مەهدی قولی هیدایەت (١٢٤٣-١٣٣٤هەتاوی) لە پیاوانی کاریگەر و دیاری دنیای سیاسەتی کۆتایی قاجار و سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویە، لە پۆستە گرنگەکانی بریتیبوون لە کاری پەرلەمانتاری، حاکمی ویلایەتەکانی ئازەربایجان و فارس، چەندین وەزارەتخانەی وەرگرتووە، یەکێکیشە لە سەرۆك وەزیرانەکانی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی. لە گرنگترین

کتێبەکانی هیدایەت (خاطرات و خطرات)ەکەیەتی، چونکە یاداشتەکانیەتی و مێژووی سیاسی هاوچەرخی خۆیی و شایەدحاڵی ئاڵۆزترین سەردەمی پڕڕوداوی ئێرانە. ئەو لە کاتی هەڵگەڕانەوەی سمکۆ و کودەتاکەی لاهوتی لە ئازەربایجان حاکمی ویلایەت دەبێت، هەروەها پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ لاهوتیدا دەبێت و تەنانەت بە هەوڵی هیدایەت دۆسێی تۆمەتباری و سزای دادگای لەسەرهەڵدەگیرێت و ڕێگەی دەدات پاش هەڵهاتنی لە شاری قوم ڕاکردنی بۆ تورکیا بگەڕێتەوە ئازەربایجان و پۆستێکی گرنگی ئەمنیشی پێدەبەخشێت، ئەم پەیوەندیەشی بە لاهوتیەوە لە کتێبەکەدا بە ڕونی دەرخستوە. لە کتێبەکەیدا ئاماژەی گرنگی تێدایە سەبارەت بە سمکۆی شکاك و لاهوتی و ڕوداوەکانی ئەو سەردەمەوە. هاوکات یەکێکە لە بڕیار بەدەستە کاریگەرەکانی ئەو سەردەمە لە ئاراستەی ڕوداوەکانی هاوسەردەمی لاهوتی و سمکۆی شکاك. لەبەرئەوە بۆ ئەم یاداشتانە بە سەرچاوەیەکی گرنگ ئەژمار دەکرێت و بایەخی تایبەتی هەبووە.

٥ .عبدالـله خان طهماسبی، یادداشتهایی از آشوبهای عشایری و سیاسی اذربایجان، ١٣٨٦، تهران :

ئەم کتێبە یاداشتەکانی ئەمیر عەبدوڵا خانی تەهماسبی–یە(١٢٦٠–١٣٠٧هەتاوی))، ئەو لە ئانوساتی قەیرانەکانی ئێران وکێشە و ئاڵۆزیەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەمی ئازەربایجان و ناوچەی کوردستانی موکریان ئەفسەرێکی دیار و کاریگەر بووە، ڕۆڵی دیاری هەبووە لە چەسپاندن و جێگیرکردنی دەسەڵات و کودەتاکەی ڕەزاخان–دا، ئەو دەوروبەری ساڵانی کودەتاکەی لاهوتی و ڕوداوەکانی دیکەدا ماوەیەك سەرپەرشتیاری کاروباری دەوڵەتی ئازەربایجان دەگرێتە ئەستۆ، سەرەڕای ئەوەی لەو ماوەیەی پاش کودەتای ١٢٩٩ .هەتاوی(١٩٢١ز) پلەی سەرلەشکریش وەردەگرێت، گرنگی ئەم یاداشتانەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە شایەدحاڵ و کارەکتەرێکی کاریگەر بووە لە ئاراستەکردن و ئیدارەدانی سەرکوتکاری و مامەڵە لەگەڵ ڕوداوەکانی هاوچەرخی ژیانی سیاسی لاهوتی بە تایبەت سەبارەت بە کودەتا شکستخواردووەکەی لاهوتی و ڕوداوەکانی دیکەی پەیوەست بە ژیانی سمکۆی شکاك و چالاکیەکانیەوە لە سەرچاوە نزیکەکانی ئەو ڕوداوانە دەژمێردرێت و ڕۆڵی هەبووە لە ڕوبەڕوبوونەوەیاندا، چەندین نوسراو و بەیاننامەی ئەو دەمەی کودەتاکەی لاهوتیش لە یاداشتەکانیدا خراونەتەڕوو .

## بەڵگەنامەکان

جیا لەو سەرچاوە و یاداشتانەش دۆسێیەکی بەڵگەنامەیی بە ژمارەی (١٠/١/١٠/٢٣/٤) کە حەوت لاپەڕەیە و لە ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی کتێبخانەی پەرلەمانی ئێراندا پارێزراوە، دۆسێکە بریتیە لە سکاڵای زانایانی شاری قوم و نوسراوێکی پەرلەمانی ئیران (مجلس شوری) بۆ وەزارەتی بەرگری بۆ بەدواداچوون و وەڵامدانەوەی سکاڵاکاران و وەڵامی وەزارەتی ناوخۆ و بەڵێندان بە سزادانی لاهوتی لە پای "کارە نایاساییەکانی". ئەگەرچی دۆسێکە ناتەواوە لەو ڕووەوە کە تەنها سکاڵاکاران و نوسراوەکانی تۆمەتبارکردنی لاهوتی لەو دۆسێدا بوونییان هەیە و وردەکاری تۆمەتەکان ڕوننەکراونەتەوە، هەروەها بەرگری و ڕەتکردنەوە وروونکردنەوەی لایەنی تۆمەتبار (لاهوتی)یش لە بەڵگەنامەکاندا بوونی نیە. بەڵام ئەمە لە بایەخیان کەمناکاتەوە، لانیکەم گۆشەیەکی ژیانی لاهوتی لە شاری قوم و پێکدادانەکانی لەگەڵ توێژەکانی ئەوشارەدا بە تایبەت زانایانی ئاینی ڕووندەکاتەوە. ئەم بەڵگەنامانە لەبەردەستی توێژەردان و بۆ ئەم توێژینەوەیە سودیان لێوەرگیراوە.

**"لاهوتی" لە تەسەوفەوە بۆ مەشروتەخوازی و سیاسەت**

لاهوتی کوڕی شاعیر ئیلهامی کرماشانیە و کوردە، لەدایکبوی ساڵی ١٣٠٥ک-یە(١٨٨٥.ز)، باوك و کوڕ هەردو لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێراندا لە پێڕی شاعیرانی ئازادیخواز لەقەڵەم دەدرێن، بەڵام دەرکەوت کوڕ لە باوك بەناوترو پاراوتر وقاڵبشکێنتر دەرچوو، ئیلهامی باوك پێڵاودرو(پینەچی) بوو، بەڵام لە هاندانی کوڕەکەی بۆ خوێندن و فێربون دریغی نەکرد، لە شانزە ساڵیەوە بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن لاهوتی کوڕی روەو تارانی پایتەخت بەڕێکرد (راوندی ١٣٨٢، ٣٣٦) دیارە ئەبولقاسم لە دوو پیشەکەی باوکی، پینەچێتیەکەی فەرامۆشکرد و ئازادیخوازی و شاعیریەکەی بە میرات وەرگرت .

سەرەتای شاعیرێتی ئەو لە حەڤدەساڵیدا بە شیعرێکی مەزهەبی و لە ستایشی پێشەوایانی مەزهەبدا و لە رۆژنامەی ناوداری "تربیت"ی (فەروغی)دا دەستی پێکرد، بەڵام هەرزو پشتی لە دنیای مەزهەب و لاهوتیەت کرد. کاتێك سلیمان میرزا بە بەرپرسی گومرگی کرماشان دیاریکرا و هەمانکات ناوبراو بە راسپاردەی "گرۆی ئادەمیەتی تاران" بەرپرسیارێتی دامەزراندنی "ئەنجومەنی فەراماسۆنی" کرماشانی خرایە ئەستۆ و لاهوتی-ش پەیوەندی پێوەکرد، (شیریان ١٣٩٢، ٤٦). لاهوتی نایشارێتەوە کە مەیلی بەلای فراماسۆنەکاندا هەبووە و کاری لەگەڵدا کردوون، ئەو دەڵێت: "ئەو کاتەی کە فراماسۆنەکان لە ژێرناوی گرۆی ئادەمیەتی لە کرماشان کاریان دەکرد، رۆحی شۆڕشیان لە ناومدا هاست پێکرد و خەرجی خوێندنمیان لە شاری تاران بۆ دابینکردم و لە کرماشانەوە روەو پایتەخت رۆشتم" (سلطاني ١٣٨٧، ٣٩)

هەژدەساڵیشی تەواو نەکردبو غەزەلێکی سیاسی لە ساڵی ١٩٠٩.ز لە رۆژنامەی دیار و ریفۆرمخواز (حبل المتین-کلکتە) بڵاوکرایەوە، هەر بە لاویش پێی خستە دنیای کردەیی سیاسەتەوە و لە ساڵی ١٣٢٦.ك لە تاراندا بە وتەی خۆی پێبەپێی و لە پشت سەتارخان-ی شۆڕشگێڕ دەجەنگا و شەوانەش پەڕە سیاسیەکانی بە شەقامەکانی تاراندا پەخشدەکرد، لاهوتی بە گێڕانەوەی خۆی بە بابەتەکانی رۆژنامەی "قانون"ی میرزا مەلکەم خان-ی مەشروتەخواز کاریگەربووە کە لە لەندەن چاپدەکرا ورۆژنامەیەکی رەخنەگری دەسەڵاتی قاجار بوو (راوندی ١٣٨٢، ٢٤٧و٣٣٦)

ئەو لە سەرەتای مەشروتیەت (بزوتنەوەی دەستورخوازی) لە ناو ئازادیخوازاندا چالاکی دەنواند، شیعر و قەسیدە وغەزەلەکانی لە رۆژنامەکانی ئەو دەمەی تاراندا چاپ دەبوون. پاش کردنەوەی ئەنجومەنی دووەم (پەرلەمان) و دامەزراندنی ژەنراڵ یالمارسن- سویدی وەك بەرپرسی ژاندارمیری (پۆلیسی ئەمنیەت) لاهوتی بوویە ژاندارم (جەندرمە)، ئەو لە شاری قوم بە هۆی سەرکوتکردنی چەندین کردەی ئاژاوەگێڕی و یاخیبوونەوە توانی لای کاربەدەستانی دەوڵەت جێی خۆی بکاتەوە و لە ماوەیەکی کورتدا تا پلەی یاوەری بەرزبویەوە، لە مەراسیمێکدا ژەنراڵ یالمارسن-ی بەرپرسی ژاندارم مەدالیای رێزلێنانی پێبەخشی و وەك پاڵەوانێکی نیشتمانی ناوی هێنا. هەر لەو ماوەیە لە شاری قوم بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی کاری شارەوە ماوەیەك بەڕێوەبردن ورێکخستنی ئەمنی شار لە جیاتی پۆلیس دەدرێتە ژاندارمەکان و لاهوتی دەبێتە بەرپرسی کاروباری ئەمنی شار. جیا لەوەش لەو دەمەدایە هێرش بۆ سەر لورەکان دەست پێدەکات، دەوڵەت بە گشتی لە هێرشی پەیتا پەیتای لورەکان پەست و پەرێشان بووبوو، بۆیە بڕیاردرا ژاندارمەکان سەرکوتکردنی لورەکان بگرنە ئەستۆ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین هەڵمەت و مانۆڕی سەربازی بۆ سەریان لە دەرەوەی شاردا بە ئەبولقاسمی لاهوتی سپێردرا، دواتریش ماژۆر شلدبرانی فەرماندەی فەوجی ژاندارمەکانی ناوەندیش هاتە ناو پرۆسەی هێرشەکەوە و پێکەوە

لەگەڵ هێزەکەی لاهوتیدا لەناوچەی ئەراك لەگەڵ لورەکاندا کەوتنە جەنگەوە، ئەم جەنگە تا رادەیەك درێژخایەن کەوتەوە و تا کۆتایی جەنگی جیهانی خایاند، لە ئانوساتی روبەڕوبوونەوەی لاهوتی لەگەڵ لورەکاندا لە شاری قوم پەشێوی بڵاودەبێتەوە و لە نێوان خەڵك و ژاندارمەکانیشدا کێشە سەرهەڵدەدات (کە لاهوتی خۆی بەرپرسیانە)، بە دەستی ژاندارمەکان موحەمەد ناوێك دەکوژرێت و بەمەش هەڵگەڕانەوە و نارەزایی دژی ژاندارم و ئەرکەکانی دروست دەبێت. لاهوتی دەست بەجێ جەنگی لورەکان جێدەهێڵێ و دەگەڕێتەوە قوم، لە چەند رێوشوێنێکدا لاهوتی یەکێك لە زانا وموجتەهیدەکانی شاری قوم (میرزا سەیدعەلی کوڕی سەید عەبدوڵای قومی) بە تۆمەتی هاندانی خەڵك دژی ژاندارمیری بانگێشتی ئۆفیسەکەی دەکات و دەستگیری دەکات و نارەزایەتیەکان زیاتر دەبن. ئاژاوەی قوم درێژە دەکێشێت. پاشتریش کاتێك خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران دەست پێدەکات، لایەنگران و کەسانی نزیکی لاهوتی بە "هەرەشەکردن لە ئازادیخوازان" بۆ ئەوەی دەنگ بە کاندیدێکی دیاریکراو بدەن تۆمەتبار دەکرێن، بەمەش کێشەی ناکۆکی خەڵکی شار و لاهوتی و ژاندارمەکان دیسان پەرەی سەندەوە. (بیات ١٣٧٦، ١٨تا٢٩)

به پێی ئەو بەڵگەنامانەی لە ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی کتێبخانەی پەرلەمانی ئێران (مجلس شوری) بە ژمارەی(٤/٢٣/١٠/١/١٠) پارێزراون، دەردەکەوێت بەشێك لە زانایانی ئاینی و کەسایەتیەکان لە کارەکانی لاهوتی لە شاری قومدا نیگەرانن و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین سکاڵا و نارەزایەتیان گەیاندۆتە پەرلەمان و وەزارەتی ناوخۆی ئەوکاتە. بە پێی تێلگرافێك(ژمارە٢٤) بە نوسراوی (ژمارە١٨٥)ی ساڵی ١٣٣٣کۆچی بە ناوی (عولەمای قومەوە) رەوانەی تاران دەکرێت وپاشان لە پەرلەمانیشەوە رەوانەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت، لەوێدا داوای حوکمدان و سزادانی لاهوتی دەکەن و بە "خائین" وچەوسێنەری مەزڵومان لەقەڵەمدراوە. لە بەرامبەریشدا وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی (ژمارە ٣٧١٣/٨٨٨)ی فەرمانگەی تەئمینات لە ٥رەجەبی١٣٣٣ وەڵامی نوسراوەکەی زانایانی شاری قوم لە رێگەی پەرلەمانەوە دەداتەوە کە "بەپێی پێڕەوی ژاندارمیری پێویستە کەمتەرخەم (لاهوتی) سزابدرێت، دەوڵەت هیچکات لە کەمتەرخەمان خۆش نابێت و حوکمی هەڵگەڕاوەکان دەدات و هەرکاتێك ناوبراو (لاهوتی) دەسگیرکرا، بە پێی یاسا سزا دەدرێت.(بڕوانە پاشکۆی بەڵگەنامە هاوپێچەکان) (دۆسێی بەڵگەنامەکانی ((لاهوتی و همراهانش)) ١٣٣٣ق)

لە کاتی هەڵگەڕانەوەی سالارئەلدەولەی قاجاری لە ئازەربایجان و کوردستانیشدا کە داوای تەختی پاشایەتی دەکرد، ئەوکات هەندێك لە سەرانی کورد و میراتگرانی ئەمارەتی ئەردەڵان و هەندێك لە دیموکراتخوازان و لە ناویشیاندا یار موحەمەدخانی کرماشانی (موسەیەب خان) بوو کە لاهوتی لەوکاتەدا هاوپێڕی ئەوبوو پشتیوانیان لەو هەڵگەڕانەوەیە کرد، لاهوتی سەرۆکی ژاندارمەکانی شاری قوم بوو. بەڵام زۆری نەبرد پەیوەندیەکانی لەگەڵ سویدیەکانی ژاندارمیریدا تێکچوو و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا، ناچار روەو تورکیا هەڵهات و رزگاری بوو (بهار ١٣٩٢، ١٦٩،١٧٠)

سەبارەت بە کۆتا رۆژەکانی لە شاری قوم و چۆنێتی هەڵهاتنی وەك لە بەڵگەنامەیەشدا کە پێشتر ئاماژەی پێدرا و دۆسێی هەڵهاتنی لاهوتی و کێشەکانی لە شاری قوم، هێشتا روون نیە کە تاوانباری سەرەکی ئەو پەشێویە لاهوتی بووە یان لاهوتی تێوە گلاوە یان هیچ کامیان؟

ئەڵبەت پاش سکاڵاکانی زانایان و بەشێکی خەڵکی شاری قوم لە لاهوتی و هاوپێڕانی، وەزارەتی ناوخۆ بۆ بەدەمەوەچونی سکاڵاکان بە تایبەت تۆمەتی ئەوەی کە لاهوتی دەستێوەردانی کردبێت لە هەڵبژاردنەکاندا، لاهوتی بانگێشتی تاران دەکرێت وماژور مۆلەری ئەفسەری سویدی ژاندارمیریش بەرەو شاری قوم دەکەوێتەڕێ، لەکاتێکدا وا

بلاوكراویەوە کە ماژور لاهوتی فەرماندەیی هێزەکانی سەرکوتکردنی ئاژاوەی نایب حسین کاشی لە ئەستۆ دەگرێت، بەلام لاهوتی خۆی وندەکات. دواتر دەرکەوت لاهوتی بەهۆی نیگەرانی لە سکالاکان و بەدواداچونی دەولەتەوە بۆ کارەکانی هەلهاتووە، هاوکات روداوی تەقەکردن لە گالیسکەکەی ماژور مۆلەر کە بۆ بەدواداچونی سکالاکان دژی لاهوتی بەرەو قوم هاتبوو و هاوکات کوژرانی ماژور کۆنت، حوسن ئەلسەلتەنە و سەیف خانی ئەفشار لەو روداوانەیتر بوون کە درانە پال لاهوتی، ئەگەرچی بەلگە و نوسراوەکان نەك ئەم کوشتنانە پشتراست ناکەنەوە، بەلکو دەیدەنە پال کەسێکیتر و وا دەردەکەوێ لە کوشتنەکاندا لاهوتی دەستێکی نەبووبێت، (بیات ١٣٧٦، ٢٩). دیارە لاهوتی دوای ئەم روداوانە بە یەکجاری شاری قوم جێدەهیلێت و هەلدێت، رودەکاتە کرماشان وئەستەنبول.

هەروەك چۆن لە وتاری (سەبارەت بە خۆم)دا خۆی بێبەری دەکات لەوەی کە لەکاتی روداوەکانی قومدا "لەوێ نەبووە" دەلێت کە "فەرماندەی بەریتانیایی و روسی هێزە داگیرکەرەکانی ئێران چاویان بەرایی نەدەدا تاقمیکی جەندرمەی وەك ئێمە ببینن...لەو دەمەدا لەویش نەبووم حوکمی ئیعدامم بۆ دەرچوو"(پاشکۆی سەبارەت بەخۆم)ی لاهوتی لە کتێبی (سولتانی ٢٠٠٦، ١٧٧)

## لە شۆڕشێکەوە بۆ ئەویتر.. یاخیبون بێ وەستان

ئەبولقاسم بەر لە هەرلایەك لە باوەڕەکانی خۆیدا نائارام بوو، سەرەتا لە کەسێکی سۆفی مەشرەب و لە شیعرەکانیشیدا راشکاوانە وەلای بۆ ئالوبەیت دەردەبڕی "ای علی عالی عالی نژاد/ای ولی والی والا نهاد..."، لە ئانی مەشروتەگەراکاندا دلی لەگەل دیموکراتەکان و مەشروتەخوازان و بگرە فەراماسۆنیەکانش بوو، پاش شکست و تۆپبارانی پەرلەمان لەلایەن شای قاجارەوە، ئێرانی روەو دەولەتی عوسمانی جێهێشت. دواتریش لە ئالوگۆڕێکیتردا باوەڕی مەیلەو چەپ و سۆسیالیستی تێدا دەرکەوت .

لە سالی ١٩١٥.ز گەرایەوە ئێران بۆ ئەوەی دژی "ئیستعمار" بجەنگێت. تازە گەڕابویەوە دیسانەوە کەلکەلەی ئازادیخوازی ودژایەتی سیاسەتی حکومەتی مەرکەزی و پەیوەندیە نابەرامبەرەکانی لەگەل ئینگلیز کەوتەوە سەری، بیانوی نوێی لاهوتی بۆ هەلگەڕانەوە رێککەوتننامەی وسوق ئەلدەولەی سەرۆك وەزیران و حکومەتی ئینگلیز لە ١٩١٦.ز بوو.

بۆ ناچارکردنی کشانەوەی حکومەت لە پەیمانەکە و دەستلەکارکێشانەوەی وسوق ئەلدەولە (کە بە لایەنگری ئینگلیزەکان ناسرابوو)، هەلبژاردنی نوێ و بانگێشتکردنی پەرلەمان بۆ کۆبونەوە، کرماشانیەکان کۆبونەوەیەکی جەماوەری فراوانیان سازکرد و دروشم و هوتافی توندیان دژی حکومەت کێشا. لاهوتی یەکێك لە پێشڕەوان و چالاکە کەریگەرەکانی ئەم کۆبونەوە جەماوەریانە بوو (احمد ١٩٨٥، ٢٤٩)

لە سالی ١٩١٧.ز "گروپی کرێکار"ی لە کرماشان دامەزراند، بەرامبەر ئەوانەی دژی شۆڕشی ١٩١٧.ز ئۆکتۆبەری سۆڤیەت بوون، وەستایەوە. بە گێڕانەوەی عەلی ئەکبەر سەنجابی سەرداری کوردی ئێرانی لە یاداشتەکانیدا، لاهوتی ماوەی دوسالی جەنگی یەکەمی جیهانی لە پەنای عەشرەتی سەنجابی کورددا دەبێت و چەندین چالاکی سەربازی و سیاسی لەگەل ئەواندا ئەنجام داوە، لاهوتی لەو ماوەیەی لای سەنجابیەکان بوو و دەشچێتە کرماشان و لە ستافی رۆژنامەی (بێستون)دا لەگەل (سەدیق دەفتەری)دا دەکەوێتەکار و بابەتی رەخنەگرانە و سیاسی و بەرگریکارانە بلاودەکاتەوە (سنجابی ١٣٨٠، ٤٤٣). بەلام بەرەنگاری سەنجابیەکان دژی ولاتانی داگیرکەر و بۆمبارانکردنیان، لاهوتیش ناچار دیسان

ئاوارەبویەوە و ئەمجارەش پەنای بردە بەر تورکیای عوسمانی، لەوێش لەگەڵ هاوڕێکانیدا گۆڤاری (پارس)ی لە ساڵی ۱۹۱۸.ز دامەزراند. پاش ڕاگرتنی گۆڤارەکەی دیسانەوە گەڕایەوە ئێران (چیستا ۱۳۷۷، ۱۵۰)

عەبدوڵا مەردۆخ-یش لەبارەی چالاکی لاهوتی لە ڕۆژنامەی بێستوون ئاماژە بەوەدەکات کە ڕۆژنامەی بێستوون، لە ساڵی ۱۹۱۷ لەلایەن ئەبولقاسمی لاهوتی بە زمانی فارسی لە کرماشاندا بلاوبووە و پاش دەرکردنی دوانزە ژمارە، "دوژمنانی ئازادی زۆریان بۆ لاهوتی هێنا" و ناچار کرماشانی جێهێشت و ڕۆژنامەکە داخرا. (تۆفیق ۲۰۰۷، ۱۲)

مەهدی قولی هدایت (مخبرالسلطنة) کە بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی شێخ محەمەدی خیابانی کرایە والی ئازەربایجان و لە تەورێز دائەنیشت، لە یاداشتەکانیدا (خاطرات و خطرات)دا لە پەیوەندیەکانی خۆیی و ئەبولقاسم لاهوتی-دا دەڵێ: "لاهوتی لە خاوەن پۆستەکانی ژاندارمیری بوو، لە قوم هەڵەیەکی کردبوو و بەرەو ئەستەمبوڵ هەڵهاتبوو، پاشتر سەری لە سابڵاخەوە دەرهێنا وهاتە تەورێز و لەماڵەکەمدا خۆی پەنادا، و پارچە شیعرێکیشی بۆناردم...." لە درێژەدا ئاماژە بەوەدەکات کە گرنگی بە حوکمی لە سێدارەدانەکەی لاهوتی نەداوە و لاهوتی سپاردوەتە لیندبێرگ-ی سویدی کە هاتبویە تەورێز و پێیوتوون ئیشێکی پێسپێرن (مخبرالسلگنە ۱۳۸۵، ۳۲۵). بەمشێوەیە دەردەکەوێت لاهوتی بە هەمان پلەی خۆیەوە بە چاوپۆشی موخبیر ئەلسەلتەنە-ی والی فەرمانی لەسێدارەدانی هەڵدەوەشێتەوە ودیسانەوە دەگەڕێتەوە ناو ژاندارمەکان و پلەی "یاوەر"یش وەردەگرێتەوە.

جێی بایەخە کە بوترێت، لاهوتی چەند دەقێکی شیعریشی بە زمانی کوردی نوسیوە و یەك لەو شیعرانەشی لە ڕۆژنامەی ژینی ئەستەنبوڵدا بڵاوکردۆتەوە (سوڵتانی ۲۰۰٦، ۱۳)

## "ئەدیبی سور"

پاش ئەوەی لاهوتی لە ساڵی ۱۹۲۲شدا بە کۆمەکی ژاندارمەکانی تەورێز و هەوادارانی شێخ محەمەدی خیابانی (پاش کوژران و سەرکوتی حکومەتەکەی) کودەتایەکی شکستخواردوی ئەنجامدا (لە بەشی دواتر باسدەکرێت) و ناچار بەرەو روسیا هەڵهات وقەڵەمڕەوی سۆڤیەت بوویە دوا نیشتمانی، بە تایبەت تاجیکستان و ئیدی نەگەڕایەوە. لەوێ بە یەکجاری بە شێوەیەکی ڕێکخراو وورد بە بۆچون و بەرنامەی سۆسیالیزم ئاشنایەتی زیاتری پەیداکرد (بیات ۱۳۷٦، ۱۰۵)

بەرهەمەکانی لاهوتی زیاتر لە ۲۰ داستان و داستانەشیعری حەماسی لە چەند کۆمەڵەبەرهەمدا بە زمانەکانی فارسی و تاجیکی چاپکراون. لەبەرهەمەکانیتریشیدا زیاد لە ۱۵۰ شیعری بە موزیکەوە ژەنران و کرانە گۆرانی. لاهوتی لە ساڵی ۱۹۲۵ لە شاری دوشەمە ی تاجیك نیشتەجێبوو، چالاکی ئەدەبیی فراوانی ئەنجامدا و لای تاجیکیەکان لە ئاشناترینی ئەدیبەکان بوو. لە بەرهەمەکان و چالاکیەکانیدا "دواکەوتنی کۆمەڵگە و مەسەلەی ژنان و جێگیرکردنی سیستمی سۆسیالیستی" تەوەری سەرەکی بوو، هەر لەبەر ئەمەش بوو سەدرەدینی عەینی بنیادنەری ئەدەبی نوێی تاجیك نازناوی "ئەدیبی سور"ی بەو بەخشی .

لە روسیادا ناوبانگێکی هێندە پتەوی هەبوو، هەندێ لە بەرهەمەکانی چاپی پەنجایەمینیان بینی. بە درێژایی جەنگی دوەمی جیهانیش دژی فاشیستەکان لە چالاکیدابوو. لەبەرهەمە دیارەکانی لاهوتی کە لە سۆڤیت بڵاویکردنەوە: (کاوە ئاهنگر، قەسیدەی کرملن، تاج و بیرق و مجموعە اشعار) هەروەها شیعری سرودی میللی جمهوری سۆسیالیستی

**تاجیکستان–یش لە ساڵی ١٩٤٦ لە دانراوەکانی لاهوتیە. ئەڵبەتە جیا لەوانەش بەرهەمی شیعری (لالی لاهوتی) هەیە و لە ساڵی ١٩١٥.ز لە ئەستەنبوڵ بلاٌوی کردەوە .**

**جیا لە شیعر و ئەدەب و سیاسەتیش، لاهوتی وەرگێڕێکی دیاریش بوو، لە ڕێی وەرگێڕانەوە خەڵکی ئێران و تاجیکستانی بە هەندێ لەبەرهەمەکانی پوشکین و گۆرگی و مایاکوفسکی و شکسپیر ئاشناکرد .**

**کورتێ: ئەبولقاسم لاهوتی، بە "کوردی" لەدایکبوو بە "ئێرانیانە" سیاسەتی کرد و "سۆڤیێتیانە" لە ساڵی ١٩٥٧دنیای جێهێشت (چیستا ١٣٧٧، ١٥١و١٥٢)**

**لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە کاریگەری لاهوتی بکرێت، لە دوای هەڵهاتنیشی لە ئێران، بەڵام بە هۆی بەهێزی شەپۆلی چەپگەراییەوە لە ئێران شیعر و تێزەکانی لاهوتی ڕەنگدانەوە و کاریگەریەکی گەورەیان لەسەر جۆشدانی هەستی لاوان و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی جێهێشت بەتایبەت لەناو لایەنگرانی حزبی تودەدا. چ لە ناوجە کوردیەکان و چ لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا. بۆ نمونە ئەنوەری سوڵتانی لەبارەی کاریگەری لاهوتی لەسەر ئەو و گەنجانی دیکەی کوردی وەك ئەودا لە ساڵانی پەنجاکاندا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: "کاکم {عومەر سوڵتانی کە نوینەری ڕۆژنامەکانی تاران بووە لە بۆکان و لەبەرئەوەی نزیکبووە لە چەپەکانەوە تەنها ڕۆژنامە چەپگەراکانی بڵاوکردۆتەوە} هەوڵیدەدا شیعری شاعیرانی وەك لاهوتی و ئەبوترابی جەلی لەبەربکەم، شیعری لاهوتی کە زۆربەیان دژ بە شا و مەلا گوتراون"، هەروەها دەڵێت:"کاکم خۆی شاعیر بوو لاسایی شیعرەکانی لاهوتی دەکردەوە و بۆ برادەرەکانی دەخوێندەوە... هەرچۆنێك بێت خۆشەویستی لاهوتی لە دڵمدا چەسپابوو". (سوڵتانی، لاهوتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد ٢٠٠٦، ١١ و ١٢)**

**هەر سەبارەت بە کاریگەری لاهوتی، دەزگا و ناوەندە دژە چەپەکان هێندە لە پێگە و هەژمونی لاهوتی بەسەر نەیارانی دەوڵەتی مەرکەزی پەهلەویەوە دەترسان، بۆیە نەك بە دژایەتیەوە نەوەستان، بەڵکو کتێبێکیان بەناوی لاهوتیەوە چاپکرد بە ناونیشانی (شرح زندگانی من) کە نەك لاهوتی ئاگای لێنەبوو بەڵکو بۆ لیدانی باوەڕ و سەرنجە سیاسیەکانی لاهوتی بەرهەمهاتبوو، جیا لە بەشێکی کە تەرخانە بۆ ژیان و بەسەرهاتی دەورەی گەنجێتی، بەشەکانیتزە بریتین لە هێرشکردنە سەر ڕژێمی سۆڤیەتی و بەرنامە سیاسیەکانی کە بۆ ئێران ئامادەی کردوون، ئەگەرچی ئەم کتێبە دروستکراو و تەزویر بوو، بەلام حکومەتی سۆڤیێتی ناچارکرد کە لاهوتی بۆ ڕادیۆی مۆسکۆ میوانداری بکات و کتێبەکە تەزویرکراوەکەی خۆی ڕەتبکاتەوە. بەڵام کتێبەکە وەك بەشێك لە هەڵمەتەکان وپڕوپاگەندەی حکومەتی ئەوسای پەهلەوی ئێران دژی هەژمونی سۆڤیەت و تودەییەکانی ناو ئێران کاری خۆی کرد و چەند جارێکیش چاپکرایەوە. (بیات ١٣٧٦، ٢)**

**ئەم دوو نمونەیەش لەناو ئێران و کوردستاندا دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە گەرچی لاهوتی لە مەنفا ژیانی بردۆتەسەر، بەڵام بیر وشیعرەکانی کاریگەربوون و تەنانەت مەترسیشیان بۆ سەر دەوڵەت و دژە چەپەکان دروستکردووە و وەك سەرچاوەیەکی هەڕەشە سەیرکراوە .**

## كاریگەری و كارتێكەری كودەتاكەی لاهوتی و شۆڕشەكەی سمكۆ

پاش جەنگی یەكەمی جیهانی و ساڵانی ١٩١٨-١٩٢١ز دۆخی ئێران لە پەشێویەكی سیاسی-كۆمەڵایەتی توندا دەگوزەرا، تازە شۆڕشی ئۆكتۆبەری روسیاش سەركەوتبوو، دوای ئاشتیەكی سیاسیش سمكۆی شكاك-ی دیارترین سەركردەی كوردان گەڕابویەوە ناوچەكە و سەرگەرمی شۆڕشە نوێیەكەی بوو كە لە قەڵای چاریَ-ەوە ئاراستەی دەكرد و ناوچە كوردیەكانی ئازەربایجان و كوردستانی موكریانی تەنیبوویەوە .

هەر لەمڕۆژانەدا شەپۆلێكی توندی كۆمۆنیستی چەپەكانی ئازەربایجان لە برەودابوو. لە شاری خوی(شنۆ) سەرپەرشتیارانی رۆژنامەی "برید شمال"ی چەپگەراش پاش داخستنی رۆژنامەكە لە ساڵی ١٣٠٠هەتاوی لەگەڵ ژاندارمەكاندا هاتبونە تەورێز (ریاحی ١٣٧٢، ٥٤٤). كە ئەبولقاسم لاهوتیش لەو كاتەدا یەك لە بەرپرسانی ژاندارمەكانی تەورێز بوو.

هاوكات لە ١٩فەروەردین١٢٩٩ راپەڕینی شێخ محەمەدی خیابانیش لە ئازەربایجان بەهۆی پەشێوی و ناعەدالەتی و ستەمی دەوڵەتی مەركەزیەوە سەریگرت و بە هاوپەیمانی "ئازادیخوازەكان" حكومەتێكیان پێكهێنا و ناوی ئازەربایجان-یشیان بۆ "ئازادیستان" گۆڕی و "سەرلەبەری دز و كەمتەرخەم و ستەمكاران"ی ئیدارەی پێشوی حكومەتیان لەو ناوچەیە وەدەرنا. بۆ سەركوتكردنی شۆڕشەكەش حكومەتی مەركەزی موخبیر ئەلسەڵتەنەی هیدایەتی بە سیفەتی والی رەوانەی ئازەربایجان و تەورێز كرد، خیابانی پێیوابوو موخبیر ئەلسەڵتەنەی هیدایەت لە پێڕی ئازادیخوازانە و بیَ هیچ نیگەرانیەك چاوەڕوانی والی تازەی كرد، بەڵام دەستبەجیَ شوێنی وتاردانی خیابانی (كۆشكی تەجەدود) و عالی قاپو-ی ناوەندی "فیرقەی دیموكراتی" گرت و ئەمەشی بە هەماهەنگ لەگەڵ هێزەكانی قوزاق-دا ئەنجامدا و لە كێشمەكێشی ئەو رۆژدا شێخ خیابانی رابەری شۆڕشەكە كوژرا و كۆتایی بە حكومەتەكە وگروپی دیموكراتخوازەكان هات.(تمدن ١٣٥٠ش، ٣٤٩، ٣٥٤)

راپەڕینی خیابانی كۆمەك و فرسەتێكی سیاسی گرنگ بوو بۆ سمكۆی شكاك و سەید تەهای شەمزینی كە جوڵانەوەكەیان كڵپەی سەندبوو، بە جۆرێك كە بیانووی جیاخوازی و رەوایەتی زیاتری بە داواكاری سەربەخۆیی بۆ كوردی ئازەربایجان بەخشی .

بە بڕوای موجتەبا برزویی، شۆڕشی "خیابانی" بۆ كوردی ئازەربایجان مانای رەتكردنەوەی حكومەتی مەركەزی تارانی بەدەستەوە دەدا، ئەم مانایەش ئومێدێكی زیاتری بە سەید تەهای شەمدینی (زاوای براكەی سمكۆ و گەورە هاوكاری سمكۆی شكاك) بۆ جیاكردنەوەی ناوچە كوردنشینەكان رەخساند. ئەمە جیا لەوەی كە كوردەكان و لەناویشیاندا سەیفولقوزات-ی مەهاباد لە پشتیوانەكانی شێخی خیابانی بوو و لە ستایشی راپەڕینەكەدا پارچە شیعرێكی لە گۆڤاری ئازادیستان-ی لایەنگری هەوادارانی خیابانی-دا بڵاوكردەوە، هەروەك چۆن پشتیوانی راپەڕینەكەی سمكۆی شكاكیشی كرد و هانیشیدا تا درێژە بە دەستبەسەراگرتنی ئازەربایجان بدات. لەوەش زیاتر جەند سەرەداوێكیش ئاماژە بەوەدەكەن كە لە نێوان سمكۆ و خیابانیدا هەبووە (برزویی ١٣٧٨، ١٧٥). دیارە دژایەتی دەوڵەتی مەركەزی ئەم دوو سەركردەیەی كۆدەكردەوە.

لەمكاتەدا لایەنگرانی خیابانی كە لە ئازادیخواز و دیموكراتەكان بوون و بە دوای سەندنەوەی خوێنی رژاوی شێخ محەمەدی خیابانیەوە بوون و قەتڵەكەیان وەك كراسەكەی عوسمانی خەلیفەی سێیەم بەكاردەهێنا، لە بۆسەی سیاسیدا بوون تا پشتیوانی نەیارەكانی دەوڵەت بكەن و بیكەنە هەلێك بۆ تۆڵەسەندنەوە. هەرچەند فەرماندەیەكی وەك ئەرشەد ئەلملولك بەڵێنی سەندنی خوێنی خیابانی پێدابوون بەڵام بێئەنجام بوو و زۆر باوەڕیان پێنەكرد .

**لەم بۆشاییە سیاسیەی ئازەربایجان و پەرتەوازەیی لایەنگرانی شێخ محەمەدی خیابانی و کێشەی دواکەوتنی موچەی سێ مانگی ژاندارمەکانی تەورێز، هاوکات هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی یەکخستنی سوپا لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزی تارانەوە، (کە بەوپێیە دەبوو ژاندارمەکانیش بخرێنە سەر ئەوسوپایە و رەزاخان خۆشی سەرداری قوزاقەکان بوو) ئەمەش لای ژاندارمەکانی تەورێز مایەی نیگەرانی بوو و بە پەراوێزخستنیان وێنایان دەکرد (مخبرالسلطنة ١٣٨٥، ٣٣١). لەم نێوەندەدا رۆڵی ئەبولقاسمی لاهوتی دەردەکەوێت و دۆخەکە لەبەرژەوەندی باوەڕەکانی خۆی و دژایەتی حکومەتی تازەی کودەتای تاراندا (کودەتای ٣اسفند١٢٩٩ش/ ٢٢شوبات١٩٢١ز) دەقۆزیتەوە و کودەتای ژاندارمەکان (کە بە کودەتای لاهوتی خان–یش ناسراوە) دژی پاوانخوازی و "ئیستبدادی" رەزاخان بەرپادەکات (تمدن ١٣٥٠ش، ٣٥٦). ئەبولقاسم بوویە فەرماندەی ژاندارمە نارازیەکان وئازادیخوازە بێ ڕابەرەکانی پاشماوەی شۆڕشەکەی خیابانی و هەواداره دیموکرات، ئەوەبوو لاهوتی لە بەندەری شەرەفخانەی ئازەربایجان ئاڵای دژایەتی ئیستبدادی رەزاخان و کودەتاکەیان هەڵکرد، شاری تەورێزی گرت و والی و هەندێ سەرکردەی دیکەشیان دەستبەسەرکرد و هەندێکیشیانی کوشت (برزویی ١٣٧٨، ١٧٥و١٧٦.**

**سمکۆی شکاك–یش لەولاوە دارودەستەی حکومەتی مەرکەزی لە ناوچە کوردیەکانی ئازەربایجان و موکریاندا وەدەرنابوو بووبویە دەسەڵاتداری یەکەمی ناوچەکە، تەنانەت وەسڵی گومرگەکانیشی کردبویە کوردی لە بری فارسی (تمدن ١٣٥٠ش، ٣٧٢) (بڕوانە پاشکۆ/ بەڵگەنامەی ژمارە ٥). شوێنێك کە هەمیشە جێگە و پێگەی لە ستراتیژی سمکۆدا هەبوو و ناوچەی سابڵاخ و موکریان بوو، لە پلاندا بوو بۆ گرتنی. لە روی سیاسیەوە خیابانی و سمکۆ و لاهوتی کە تارادەیەك لەسەر یەك جوگرافیای سیاسی چالاکییان دژی حکومەت دەنواند، خزمەتێکی ناراستەوخۆی یەکتریان دەکرد و پێکەوە حکومەتی مەرکەزیان لاوازدەکرد. بەڵام ئەم پەیوەندییەیان نەگەشتە ئاستێکی ستراتیژی و هاوپەیمانێتی، هەرئەمە وایکرد هەرسێك بە یەك چارەنووسی یەك لە دوایەك روبەڕوبنەوە، سەرەتا خیابانی و دواتر لاهوتی و دواجاریش سمکۆی شکاك سەرکوتکران، یەکەم هەر لە تەورێزێدا کوژرا ودووەمیش ئاوارەی سۆڤیەت و سێیەمیش روەو تورکیا و پاشان عێراق ئاوارە بوو و پاش گەڕانەوەی بە ئاشتینامەیەك هەمان چارەنوس کە سمکۆ کردیە نسیبی مارشەمعونی ئاشوری و لەمیواندارییەکدا کوشتی، روبەڕوی خودی سمکۆش بویەوە وهەربەوشێوەیەش رەزاشای پەهلەوی تیرۆریکرد .**

**راستیەکەی پەیوەندی و کارتێکەری و کاریگەری کودەتاکەی ئەبولقاسم لاهوتی و شۆڕشەکەی سمکۆی شکاك دوسەرەیە وهەردولا سودی سیاسی و سەربازییان لەیەك وەرگرت.**

**بەشێکی سوپای دەوڵەت بە فەرماندەیی سەرهەنگ حبیب الله خان شەیبانی ئەوکات بۆ بەرگرتن لە هێرشی سمکۆ وسنورداركردنی لە ماهاباد بوون و هاوکات هێزێکیتر بە سەرکردایەتی خالۆقوربانی (سالار ظفر) بۆ پشتیوانی هێزەکانی حکومەت دژی سمکۆ ئەمانیش رەوانەی مەهاباد و دەوروبەری کران (طهماسبي ١٣٨٦، ٥٤ و٥٥). کە ئەمەی دوایی لەو کوردانە بوو کە پشتیوانی شۆڕشی گەیلان(جەنگەل) و میرزا کوچەك خانی جەنگەلی بوو. بەڵام دوای کەوتنی ئەو شۆڕشە بوویە بەشێك لەو هێزە میلیشیایانەی دەوڵەت و رەزاخان کە رەوانەی ناوچە کوردنشینەکان کرابوون تا بتوانن شۆڕشی سمکۆ سەرکوت بکەن، خالۆ قوربان بۆ رێگری لە هاتنی هێزی سەید تەهای شەمزینی (کە ئەوکات بەشێکی سەرەکی و بە باڵێکی هێزەکەی سمکۆ لەقەڵەم دەدرا) نزیکی مەهاباد لە بۆسەدا بوو بۆ سەید تەها. بەڵام ناوبراو زوتر ئەم زانیاریانەی پێگەیشتبوو، بۆیە فەرمانی دا لە لاڕێوە بچنە مەهابادەوە و روبەڕوی خالۆقوربان ببنەوە و هەرواشیان کرد و قوربان و**

برازاکەیی و ١٥٠ کەسیان لێکوشتن (بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی لەشکرکێشی و پلانی حکومەت و روبەڕوبونەوەکانی سمکۆ بڕوانە کتێبی: سمکۆ/ئیسماعیل ئاغای شکاك و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، محمد رسولٚ هاوار،٢٠٠٥، سلێمانی)، بەم هۆیەشەوە پلانەکەی حکومەت بۆ لەتکردن و رێگریکردنی گەیشتنی هێزەکەی سەید تەها و هێزەکانی سمکۆ بۆ رێگرتن لە دەسبەسەراگرتنی مەهاباد و موکریان شکستی هێنا و پاشماوەی سوپاکەی دەوڵەتیش بەرەو مەراغە کشانەوە و مەهاباد و موکریان بە سەرکردایەتی سەید تەهای شەمدینی خرانە ژێر رکێفی فەرمانڕەوای چاریٚ-ەوە یانی سمکۆی شکاك. (هاوار ٢٠٠٥، ٤٨٠تا٤٩٠) (چوپانی ١٣٩٤، ١٩٤ و ١٩٦)

لێرەوە دەردەکەوێت کە بەهۆی شۆڕشەکەی سمکۆوە سوپا و لەشکرە دەوڵەتیەکەی ئازەربایجان و ناوچەکانی دیکە کە هێنرابوون سەرلەبەر سەرگەرمی پلانی سەرکوتکردن و سنووردارکردن و کۆتاییهێنان بون بە شۆڕشی سمکۆوە و تەورێزیان چۆڵکردبوو. هەروەك موخبیر ئەلسەلتەنە (کە ئەوکات خۆی والی ئازەربایجان بوو و شاهێدی راستەوخۆی روداوەکانی ئەوکاتەی تەوریز بووە) لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بە رەوانەکردنی زۆرینەی هێزەکان دەکات و لەمکاتەدا زەمینە فەراهەم دەبێت تا لاهوتی وکودەتاچیە هاوڕێکانی هەڵگەڕێنەوە و دەستبگرن بەسەر تەورێزدا. لەمبارەوە باس لە پەیوەندی سمکۆ و لایەنگرانی لاهوتی وکودەتای تەورێز دەکات و دەڵێت: "دواتر ئاشکرابوو کە کودەتاچیەکان... لەبەرامبەر کودەتای تاران {کودەتای ٣/اسفند/١٢٩٩ی رەزاخان وتەبەتەبایی/١٩٢١ز} کودەتایەك ئەنجام بدەن، تەنانەت ئیسماعیل ئاغا {سمکۆ}شیان بانگێشت کردبوو بۆ بەشداربوون کە دواتر نوسراوەکەیان دەستکەوت، لاهوتی لەو باوەڕادا بووە هەر کە داخلٚی مەسەلەکە بێت لە تەوریزدا پەنجا هەزار هەوادار و فیداکاری دەبێت" (مخبرالسلطنة ١٣٨٥، ١٣١)

ئەگەرچی نوسراوێکی لەمشێوەیە کە لەم یاداشتەدا ئاماژەی بۆ کراوە لە سەرچاوەکاندا نابینریت، بەڵام ئەم گێڕانەوەیەی موخبیر ئەلسەڵتەنە بیٚ دەلیل نیە و لانیکەم لە ئەنجامدا وا کەوتەوە، دەتوانرێت وا بخوێنرێتەوە کە کودەتای لاهوتی و شۆڕشی سمکۆ هاوکاری سیاسی یەکبوون ئەگەرچی هاوپەیمانیش نەبووبن .

لەم بۆشاییە سەربازیەی شاردا و سەرگەرمبوونی سوپا بە شۆڕشی سمکۆوە لە مەهاباد و ناوچەکانیتر، لاهوتی و هاوکارانی لە ١٩٢٢/٢/١ز لە تەوریز کودەتاکەیان ئەنجامدا و کۆمیتەیەکی میللیان دروستکرد. داواکاری سەرەکی کودەتاچیان بریتیبوو لە دەرکردنی ئینگلیزی ئیمپریالیست، ئەنجامدانی ریفۆرمی دیموکراتیانە، دەستکێشانەوەی رەزاخان کە وەزیری جەنگی ئەودەمەی حکومەت بوو و هەروەها پێدانی موچەی دواکەوتووی ژاندارمەکان. بەڵام رەزاخان بۆ سەرکوتکردنی کودەتاکە، قوزاقەکانی ئێرانی راسپارد تا کۆتایی بە کودەتابهێنن و (١٩بەهمەن١٣٠٠ش) لە پاش روبەڕوبونەوەیەکی ١٠ سەعاتی تەورێزیان گرتەوە وبە گەیشتنی هێزی سەرتیپ شیبانی کودەتاچیانیش سەرکوتکران، لاهوتی و چەند هاوڕێیەکی هەڵهاتن و رێی ئاوارەبونیان بەرەو روسیا گرتەبەر (گرانتوسکی ١٣٥٩، ٤٤٣) (تمدن ١٣٥٠ش، ٣٦٨)

ئەگەرچی کودەتاکەی لاهوتی بێئەنجام بوو، بەڵام وایکرد هێرشی هێزە کۆکراوەکەی حکومەت بۆ سەر قەڵای چاریٚ-ی پێگەی سمکۆ بۆ ساڵی دواتر دوابکەوێت( (تمدن ١٣٥٠ش، ٣٦٨)

لاهوتی وەك بیروبۆچونەکانی خۆی (ئازادیخوازی و دژایەتی ئیستبدادی رەزاخان)و وەك کۆکردنەوەی هەوادارانی خیابانی ولایەنگریکردنیان بۆ سمکۆ و ئەنجامدانی کودەتاکەی، بە گشتی خزمەتێکی سیاسی و سەربازی بە شۆڕشەکەی سمکۆ کرد. لە هەندیٚ سەرچاوەشدا باس لە پەیوەندی سمکۆ و لاهوتی دەکرێت، زیاتر لەوەش گەر لە ئەنجامەوە بخوێنرێتەوە ئەم پەیوەندیە بە دور نازانریٚ. وا دەردەکەوێت لاهوتی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ سمکۆ بەستبێت چونکە نەك خۆی بگرە

**لایەنگرانی خیابانیشی کردە هەواداری سمکۆ و بالانسی هێزیان لەبەرژەوەندی ئەودا شکاندەوە و وای کرد سمکۆ کوردستانی موکریان بەتەواوی و دەوروبەری بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.(چوپانی ١٣٩٤، ١٤٠)**

## دیدی لاهوتی بۆ کورد و جوڵانەوەکانی

**تەنیا نوسراوێکی لاهوتی لەبارەی کورد و کورستانەوە (جیا لە لە چەند شیعرێك بە زمانی کوردی) توێژینەوەیەکیەتی بە زمانی روسی لە ساڵی ١٩٢٣.ز لە گۆڤاری "رۆژهەڵاتی نوێ" لە مۆسکۆ لە ژێر ناونیشانی "کورد و کوردستان" بڵاوکراوەتەوە. ئەم تویژینەوەیە، د.جەبار قادر لە ساڵی ١٩٩٨ لە چوارچێوەی کتێبیکدا، هەر بە هەمان ناونیشانەوە کردویەتی بە کوردی و پەراوێز وپێشەکییەکی پر زانیاریشی بۆ نوسیوە و لە دەزگای چاپەمەنی و کتێبفرۆشی گلارا لە شاری رۆتەردامی هۆڵەندا بڵاوی کردۆتەوە. بە باوەڕی د.جەبار، وەرگێڕێك ئەم توێژینەوەی بۆ لاهوتی کردوەتە روسی و کە لە بنچینەدا بە فارسی نوسراوە (لاهوتی ١٩٩٨، ٢)، ئەم رایەی د.جەبار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لاهوتی کاتێك ئەم توێژینەوەی پێشکەشی گۆڤارەکە کردووە، نزیکەی ساڵێك بووە چووەتە مۆسکۆ و بە هۆی شکستی کودەتاکەیەوە لە تەوریز گەشتۆتە روسیا بۆیە رەنگە روسییەکەی هێشتا بایی ئەوە نەبووبێت کە راستەوخۆ بە روسی توێژینەوەکەی نوسیبێت.**

## گرنگی توێژینەوەکەی لاهوتی لە دوو خاڵی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە:

**١ .لە نوسین و بۆچونەکانی ئەم کتێبەوە دەردەکەوێت، کە کاریگەریەکی دیاری لەسەر رەوت و بۆچونی قوتابخانەی رۆژهەڵاتناسی سۆڤێت لەبارەی کوردستان و کوردەکانەوە هەبووە و بگرە تا ئەم ساڵانەی دوایش لە زۆرێك لە بۆچونی رۆژهەڵاتناسانی وەك لازاریف و ئەوانیتردا دەردەکەوێت کە کاریگەری پۆلێنبەندی و بۆچوون و دیدگاکانی لاهوتییان بەسەرەوە بووە، ئەگەرچی هەندێکیان قابیلی رەتکردنەوە و رەخنەلێگرتن یان رونکردنەوەن. وەك د.جەبار قادر لە پێشەکی (کوردوکوردستان)ی لاهوتیدا ئاماژەی پێدەکات کە "بە دەگمەن بەرهەمێکی زانستی گرنگ هەیە بە زمانی روسی لەمێژووی نوێ و هاودەمی کورد دوابێ وئاماژەی بۆ ئەم بەرهەمەی لاهوتی (کورد و کوردستان) نەکردبێ، دەڵێن گوایە لینینیش یەك دوجاری خوێندۆتەوە.... " (لاهوتی ١٩٩٨، ١١)، لەوەش زیاتر لاهوتی راشکاوانە لە توێژینەوەکەیدا لە ساڵی ١٩٢٣ەوە هانی قوتابخانەی رۆژهەڵاتناسی روسی دەدات و دەڵێت: "کاتی ئەوە هاتووە هەندێ بایەخ بدرێ بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دۆزی کورد کە تاکو ئێستا بایەخێکی کەمی پێدراوە" (لاهوتی ١٩٩٨، ١٩). دیارە ئەو بۆچونەی لاهوتی دروستە، پاشتریش دیارە پیشنیارەکەی کاریگەر بوو لەسەر رۆژهەڵاتناسانی روس، هەم لە چوارچێوەی ئێرانناسیدا و دواتریش لە ساڵی ١٩٥٩دا کە کوردناسیان لە ئێرانناسی سەربەخۆکرد (پیربال ٢٠٠٩، ١٠)، ئەمە جیا لەوەی کە توێژینەوە و بۆچونی خۆشی لەسەر کورد لەو توێژینەوانەی دواتردا رەنگی دایەوە .**

**٢ .بروا و سەرنجی لاهوتی لەبارەی کۆمەڵگەی کوردی و بزاوتی سیاسی و شۆڕش و ناسیۆنالیزمی کوردی و سەرکردەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و تێبینی و رەخنەکاری خۆی لەبارەی ئەو وشە کلیلیانەوە لە کتێبەکەیدا دەخاتەڕوو.**

بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە بیری لاهوتی و ڕوانگەکانی بۆ کۆمەڵگەی کوردی پشت بە سەرنجەکانی خۆی دەبەستێت لە توێژینەوەکەیدا و بە کورتی دەخرێنەڕو :

لاهوتی لە بارەی ناسیۆنالیزمی کوردیەوە لە توێژینەوەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ناسیۆنالیزمی کوردی بەرهەمی جۆشدانی ئینگلیزە وەك دەڵێت: "بیروباوەڕی ناسیۆنالیزم و جوداخوازی کورد کە بەشێوەیەکی زیرەکانە لە لایەن دیپلۆماتە ئینگلیزەکانەوە جۆش دەدرێ، ئەو چەکەیە کە دەبێتە هۆی لاوازی و شکستی سیاسەتی تورکیا لە میزۆپۆتامیادا." بە گشتی ئەو تەنانەت جوڵانەوەکەی شێخ مەحمودیش بە چەك و پلانی ئینگلیز دەزانێ بەرامبەر تورکیا و دژایەتیکردنی ئێران. (لاهوتی ۱۹۹۸، ۱۷ و۱۸)

لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردیشەوە باوەڕی وایە کە "بەڵگە زمانەوانیەکان بە شێوەیەکی گومانلێنەکراو ئەو ڕاستیەمان لا دەچەسپێنن کە کورد بە ڕەچەڵەك ئێرانیە. ڕێزمانی کوردی و وشە و ڕستەکانی هەر وەکو ئەوەن لە زمانی فارسیدان"(هەمان،ل۲۰)، باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستانیش بە بەرهەمی پەیوەندیە پەترپارکییەکانی (باوکسالاریەکان) نێو هۆزەکان دەزانێت(هەمان،ل۲۵) لاهوتی لەبارەی ڕۆڵی مەلاکان و پیاوانی ئاینیشەوە دەڵێت: "وێنەی دەرەوەی پەیوەندییەکانی مەلاکان و سەرۆك هۆزەکان وادەرخاندەدا کە سەرۆك هۆزەکان گوێڕایەڵی مەلاکانن، بەلام لە ڕاستیدا مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیە، چونکە مەلاکان بەبێ یەك و دوو ملکەچی ویستەکانی خان و ئاغاکانن و داردەستێکن بە دەستیانەوە، هەموو هۆزێك شێخ و مەلا و سەیدی خۆی هەیە کە سەرپەرشتی کاروباری ئاینی و کۆمەڵایەتی خێڵەکە دەکەن"(هەمان،ل۲٦) . لە بارەی ئاین و ئاینزاکانی کوردانیشەوە، پێیوایە کوردەکان لە شیعە و سوننە پێکهاتوون، ئەو دەڵێت کە "سوننەکان چوار ڕێبازن : (حەنبەلی، مالیکی، شافیعی و حەنەفی) هەموو ئەو ڕێبازانە شافیعی لێدەرچێ زۆر دژی شیعەن، لەبەرئەوە شیعەکان گەلێجار خۆیان لەژێر پەردەی شافیعیدا دەشارنەوە". هاوکات ئاماژە بە سەربەخۆیی ئاینی ئێزیدیەکان دەکات و "داخراون" و "بوونەتە هۆزێکی کوردی خاوەن تایبەتمەندێتی". بەڵام بۆ کاکەییەکان پێیوایە لە بنەڕەتدا موسڵمان بوون، بەڵام "لە ئیسلامەتی لایانداوە"(هەمان، ل۲٦ و ۲۷). بۆ چینی ڕوناکبیری کوردیش (بۆ ئەودەمە) ئاماژە بەوەدەکات، کە ڕوناکبیر و سیاستمەدارە کوردەکان گوێڕایەڵی ئینگلیزن وپڕوپاگەندە بۆ ئەوان دەکەن.(هەمان،ل۳۳)

لەبارەی داواکاری و جوڵانەوەی سیاسی کوردەکانەوە لە دوای جەنگی جیهانیەوە، دەیانکات بە سێ دەستەوە: یەکەم، گرووپێکی سەربەخۆخوازن و داوای سەربەخۆیی تەواو بۆ کوردستان دەکەن کە ڕوناکبیرەکان. دووەم، گرووپێکی ئۆتۆنۆمیخواز لە چوارچێوەی تورکیادا. سێیەم، ئەو سیاسەتمەدارانەن کە داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکەن بەلام لە ژێر چاودێری ئێراندا.(هەمان،ل۳۷)

لێرەدا ناکرێ یەك یەك سەرنجەکانی لاهوتی هەڵبسەنگێنرێن و ڕەخنەکاری بکرێن، چونکە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەدا پێکنایەتەوە و بۆ ڕەتکردنەوەی ڕەخنەکاری بۆچونەکانیش ڕەنگە لیدوانەکانی د.جەبار قادر وەرگێڕی توێژینەوەکەی لاهوتی سەرچاوەیەکی باش و گرنگ بێت بۆ ڕەتکردنەوە و ڕەخنەکاری سەرنجە ئالوزەکانی لاهوتی، ئەو باوەڕی وایە "لێکدانەوەکانی لاهوتی لەگەڵ ڕاڤەکردنی ستالیندا یەکدەگرنەوە و بوون بە بنێشتی بندانی کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسانی یەکێتی سۆڤیەت وولاتانیتری بە نیو سۆسیالیزم و تاوەکو شەستەکانی ئەم سەدەیە لە ئەدەبیاتی ئەو ولاتانەدا بە شێوەیەکی زەق بەرچاو دەکەون"(هەمان،ل۱۳) . بەڵام بەگشتی و لە ڕوی فۆرم و نیگای لاهوتیەوە دەکرێ ئەم سەرنجانە بخرێنەروو: لاهوتی ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەك ناکات بۆ سەرنجەکانی و گشتاندنێکی فراوانیان تێدا دەبینرێ، بە تایبەت لە پۆلێنبەندی

**و دابەشکاری ڕۆڵی عەشایەر و سەرکردە و روناکبیراندا، لەبەرەی پەیوەندی کورد و ئینگلیزیشەوە زیادەڕۆیی کردوە و ئەو جەنگ و ناکۆکیانەی نیوان سمکۆ و شێخ مەحمود و مەحمودخانی دزڵی و روناکبیران و جوڵانەوەکانی ڕەواندزی بەرامبەر ئینگلیز فەرامۆشکردووە، هەر سورە لەسەر ئەوەی کە جولانەوەی سیاسی کوردان بە هاندراوی ئینگلیز وەسف بکات.**

## ئەنجامگیری

**ئەوەی لە توێژینەکەوە دەردەکەوێت کە ژیانی لاهوتی کشان و کەوتنی زۆری بینیوە هەر لە باوەڕەکانیەوە تا پیشە وپۆستەکانی. لە دنیای سۆڤێتی و لاهوتەوە بۆ شاعیری رچەشکێنی مەشروتە و قاڵبی نوێی شیعری ئێرانی، لەوێشەوە بۆ دنیای سیاسەت و شۆڕش و روبەڕوبونەوەکانی لەگەڵ نەیارانی مەشروتە لە تاران، ئینجا پۆلیسی تا پلەی یاوەری لە قوم و تا حوکمی لەسێدارەدان، کارکردن و سیاسەتکردن لە ناو کوردانی سنجابی و کوردانی سنە و ئەردەڵاندا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، رۆژنامەنووسێکیش لە سفرەوە تا پلەی خاوەنی ئیمتیاز لە رۆژنامەکانی "تەربیەت، حەبلولمەتین، بێستون و پارس"، سیاسیەك هەلقۆزەرەوە و کودەتاچی دژی ئیستبدادی رەزاخان لە تەوریز لە سەردەمێکدا کە هاورێ شاعیرەکانی و زۆرێك لە سیاسیەکانی هاورێی وایان هەستدەکرد رەزاخان فریادڕەسی میللەتی هەژار و ستەمدیدەیە، پاشانیش وەرگەڕان بۆ چەپێکی تەمام عەیار و"ئەدیبێکی سور" لە تاجیکستان و سۆڤیەت و دەرکەوتنی وەك ئەستێرەیەکی ئاسمانی ئەدەبی چەپ و جیهانی.**

**سەبارەت بە رەوتی فیکری لاهوتی–ش دەردەکەوێت کە خاوەنی دیدێکی چەپگەرا و سۆسیالیستی بووە و تەنانەت کاریگەریی لەسەر راڤەکانی کردووە بۆ کۆمەڵگەی کوردی، بە جۆرێك کوردبوون بۆ ئەو فۆرمێکی لاوەکیە و شوناسێکی قوڵ نەبووە و خەمێکی سیاسی و هزری لاهوتی نەبووە، وەك هەر چەپێکی ئایدۆلۆژیست پابەند و وەفادار بووە بەو هەڵسەنگاندنە مارکسیانەی ناو روناکبیرانی روسیا بۆ ئێران و کوردستان و ناوچەکە بە گشتی. بۆیە لاهوتی لە دەیەی بیست بەدواوە زیاتر وەك "ئینتەرناسیۆنالیست"ێك دەردەکەوێت، بەڵام لە بارەی ریشە و رەگەز و دۆخی کۆمەڵایەتی کوردەوە، "ئێرانیبوون"ەکەی بەسەردا زاڵترە، لەمەشدا حاڵی وەك حاڵی زۆرێك لە چەپە تودەییەکانی ئێرانە کە لە ئاستی کوردەکاندا ئێرانیبوونەکە زەقدەکەنەوە وشوناسە "نیودەوڵەتی"یەکە کاڵتر دەکەنەوە .**

**لە پەیوەندی بە کوردیشەوە ئەوا دەردەکەوێت هاوکارێکی سیاسی و کۆکردنەوەی هەوادارانی خیابانی بۆ خزمەتی بزوتنەوەکەی خۆیی و سمکۆ رۆڵی هەبووە، هاوکات کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لە درەنگخستنی پەلاماری دەوڵەت بۆ سمکۆی شکاك ودەستکردنەوەی سمکۆ و سەید تەها بۆ گرتنی ناوچەکانی موکریان و دەورووبەری و خستنە ژێرکێفی فەرمانڕەواییەکەی سمکۆوە.**

**دەکرێ ئەوەش بوترێ کە تەنها پەیوەندی هزری و نەیاری هاوبەش و تەکنیکی ناڕاستەوخۆی جەنگ و روبەڕوبونەوەی ناوەند هەرسێ شۆڕشگێڕەکەی (خیابانی، لاهوتی و سمکۆ)ەکەی پێکەوە کۆکردبویەوە نەك هاوپەیمانێتیەکی سیاسی و ستراتیژی، لە کاتێکدا لە جوگرافیایەکی هاوبەشی سیاسی و نەیاری هاوبەش و خاڵی لاوازی هاوبەشیان هەبوو، کە ئەگەر لە نێوان هەر سێ نەیارەکەی دەوڵەتدا جۆرە هەماهەنگی و ستراتیژێکی هاوبەشی سیاسی لە ئارادا بووایە، پێدەچوو**

چارەنوسی کابینەی حکومەتی ناوەندی و حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی خیابانی و لاهوتی لەلایەك و سمکۆ لەلایەکیترەوە بە ئاقارێکی دیکەدا برۆشتایە وچارەنوسی رەزاخان–یش جۆرێکی دیکە بوایە.

هەروەها لە توێژینەوەکەی لاهوتیەوە دەردەکەوێت کە کاریگەری لەسەر قوتابخانەی روسی جێهێشتووە و ئەو رەخنە و سەرنج دیدگایانەی کە لە توێژینەوەی کورد و کوردستاندا دەربڕیون دواتر لەناو رۆژهەڵاتناساندا کاریگەربووە و دوپاتیان کردۆتەوە.

واشدەردەکەوێت ئەبولقاسمی لاهوتی یەکەمینی ئەو توێژەرانە بێت کە باوەڕی وایە "ناسیۆنالیزمی کوردی" بەرهەمی سیاسەتی ئینگلیزە نەك سروستی لە دایکبووی ناو بزوتنەوەی سیاسی کوردی ئەو لە ساڵی ١٩٢٣ ئەمەی لە توێژینەوەکەیدا بلاوکردەوە کە یەکەمین توێژینەوە بوو لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ەوە لەبارەی کوردەوە لە یەکێتی سۆڤێت نوسرابیت، دیارە ئەم بڕوایەش دواتر لە ناو مێژوونوسانی روسی و بگرە کوردستانیشدا بڵاو بوویەوە، ئەگەرچی بنەماکانی سەلماندنی ئەو بۆچونە لاوازە و شیکردنەوەی لاوازیەکەشی لەدەرەوەی ئەرکی ئەم توێژینەوەیەدایە .

## سەرچاوەکان

١. احمد، كمال مظهر. ١٩٨٥. دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر. ط١. بغداد: الامانه العامه للثقافه الشباب.

٢. ار.كيدى، نيكى. ١٣٨٧. ايران دوران قاجار و برآمدن رضاخان. چاپ سوم. با ترجمه: مهدى حقيقت خواه. تهران: انتشارات ققنوس.

٣. برزويى، مجتبى. ١٣٧٨. اوضاع سياسى كردستان (از سال ١٢٥٨تا ١٣٢٥هـ–ش). چاپ اول. تهران: موسسه انتشارات فكرنو.

٤. بهار، ملك الشعراو. ١٣٩٢. تاريخ مختصر احزاب سياسى ايران (انقراض قاجارية). چاپ نهم. جلد جلد اول. تهران: انتشارات اميركبير.

٥. پیربال، فەرهاد. ٢٠٠٩. كورد لە دیدی رۆژهەڵاتناسەكانەوە. سلێمانی: ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە.

٦. پێشكەوتن. ١٩٢٢. "هەواڵی ئێران." ٩ مارس: ٤.

٧. تمدن، محمد. ١٣٥٠ش. اوضاع ايران در جنگ اول يا تاريخ رضائية. چاپ اول. اوروميه: موسسه مطبوعاتي تمدن.

٨. جوتیار تۆفیق. ٢٠٠٧. بیبلۆگرافیای رۆژنامەگەری كوردی لە رۆژهەڵاتی كوردستان و دەرەوەیدا١٩٠٨–١٩٨٨. سلێمانی: ژین.

٩. چوپانى، احمد. ١٣٩٤. مسئلەى اسماعيل آقا سمكو در آذربايجان و موكريان. چاپ اول. سنندج: انتشارات آنا.

١٠. چيستا. ١٣٧٧. "ابوالقاسم لاهوتى سخن سرا و مترجم." چيستا (ادبيات و زبانها) شماره ١٥٢و١٥٣: ١٥٠تا١٥٤.

١١. دۆسێی بەڵگەنامەكانی (لاهوتى و همراهانش). ١٣٣٣هـ.ق. ٢٣/١٠/١/١٠ (كتابخانه مجلس شورى اسلامى ايران).

١٢. راوندی، مرتضي. ١٣٨٢. تاريخ اجتماعی ايران. بخش٢/جلد٨ جلد. تهران: انتشارات نگاه .

١٣. رياحی، محمدامين. ١٣٧٢. تاريخ خوی. چاپ اول. تهران: انتشارات توس.

١٤. ساهاك. ١٩٣٧. يارسان. بەغدا: ڕۆشنبیری.

١٥. سلطاني، محمد علی. ١٣٨٧. احزاب سياسی و انجمن های سری در كرمانشاه (از فراموش خانه تا خانه سياه). تهران: انتشارات سها.

١٦. سنجابی، علی اكبر. ١٣٨٠. ايل سنجابی و مجاهدت ملی: خاگرات علی اكبرخان سنجابی سردار مقتدر. تدوين توسط تحرير و تحشيه كريم سنجابی. چاپ اول جلد. تهران: نشر شيرازه.

١٧. سوڵتانی، ئەنوەر. ٢٠٠٦. لاهوتی كرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی كورد. سليمانی: بنكەی ژين.

١٨. شيريان، محمد حسين. ١٣٩٢. تاريخ مطبوعات استان كرمانشاه(١٢٨٥تا١٣٩١ه.ش). كرمانشاه: چاپ اسراو.

١٩. طهماسبي، عبدالله خان. ١٣٨٦. يادداشت هايی از آشوب هاي عشايری و سياسی آذربايجان. چاپ اول. تهران: نشر دانش.

٢٠. كاوه بيات. ١٣٧٦. كودتای لاهوتی، تبريز، بهمن١٣٠٠. تهران: نشر شيرازه.


٢١. گرانتوسكی، ا. یَ. ١٣٥٩. تاريخ ايران از زمان باستان تا امروز. چاپ اول. با ترجمه كيخسرو كشاورزی. تهران: انتشارات پويش.

٢٢. لاهوتی، ئەبولقاسمی. ١٩٩٨. كورد و كوردستان. با ترجمه جەبار قادر. ڕۆتەردام: چاپەمەنی و كتێبفرۆشی گلارا.

٢٣. مخبرالسلطنة، مهديقلی هدايت. ١٣٨٥. خاطرات و خطرات. چاپ ششم. تهران: زوار.

٢٤. هاوار، محمد رسوڵ. ٢٠٠٥. سمكۆ (ئیسماعيل ئاغای شكاك) و بزوتنەوەی نەتەوايەتی كورد. چاپی دووەم. سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوە.


## پاشكۆی بەڵگەنامەكان



مجلس شورای ملی

| | |
|---|---|
| نمرهٔ کتاب ثبت | ۱۳۲۵ |
| کارتن ۱ | دوسیه |
| نمره های قبل | |
| ضمیمه | |

ژمارە(١) سەرچاوە: ئەرشیفی بەڵگەنامەكانی كتێبخانەی پەرلەمانی ئێران (مجلس شوری)، ژمارەی(١٠/١/١٠/٢٣/٤)



Modèle 16

نمونه نمره ۱۶


اداره تلگرافی دولت علیه ایران

سنه ۱۳۳۳

نمره کتاب ۱۸۵

| اسم گیرنده | تاریخ وصول | توضیحات | تاریخ اصل | عدد کلمات | نمره قبض ۱۰۳۱ | از قم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ۱۹ قوس | | ۱۹ | ۳۲۰ | نمره تلگراف ۷۴ | بطهران |

ژمارە(٢) سەرچاوە: ئەرشیفی بەڵگەنامەكانی كتێبخانەی پەرلەمانی ئێران (مجلس شوری)، ژمارەی(١٠/١/١٠/٢٣/٤)



Modèle 16

نمونه نمره ١٦

نمره کتاب ١٨٥


ادارهٔ تلگرافی دولت علیه ایران

سنه ١٣٣٣

| اسم گیرنده | تاریخ وصول | توضیحات | تاریخ اصل | عددکلمات | نمره قبض / نمره تلگراف | از / به |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | ١٩ ثور | | | | ٧٤ | از قم / به طهران |

ژمارە(٣) سەرچاوە: ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی کتێبخانەی پەرلەمانی ئێران (مجلس شوری)، ژمارەی(٤/٢٣/١٠/١/١٠)

e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765



وزارت داخله

اداره [illegible] دائره

نمره ٣٧١٣/٨٨٨


مورخه پنجم شهر رجب ١٣٣٢

ضمیمه

مجلس شورای ملی شید الله ارکانه

[illegible]

ژماره (٤) سەرچاوە: ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی کتێبخانەی پەرلەمانی ئێران (مجلس شوری)، ژمارەی(١٠/١/١٠/٢٣/٤)



اداره گمرکات ارومی

نمره [illegible] تاریخ [illegible] ١٣٣٠

(هیچ کس حق مزاحمت را ندارد)

ژمارە (٥) کلێشەی وەسڵی بە کوردیکراوی گومرگ لە تەورێز و موکریان لەلایەن سمکۆی شکاکەوە سەرچاوە: (تمدن ١٣٥٠ش، ٣٧٢ )